# بزوتنەوەی شعوبیەت

سەلام عەبدولکەریم

ناوەرۆك

بابەت

پێشەكی

دەروازە

بەشی یەكەم (مانای شعوبیەت)

باسی یەكەم (زاراوەی شعوبیەت)

باسی دووەم (پێناسەی شعوبیەت)

باسی سێیەم: (سیاسەتی دەسەڵاتە ئیسلامییەكان بەرەو نەتەوەكانی غەیری عەرەب)

بەشی دووەم (سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت)

باسی یەكەم:

(بارودۆخ لەسەردەمی دەركەوتنی بزوتنەوەی شعوبیەت دا)

(هۆكارەكانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت)

باسی سێیەم:

(فاكتەرە یارمەتیدەرەكانی گەشەكردنی بزوتنەوەی شعوبیەت)

بەشی سێیەم: (كاریگەرییەكانی بزوتنەوەی شعوبیەت)

باسی یەكەم:

(كاریگەری لەسەر دەوڵەتی عەبباسی)

باسی سێیەم:

(كاریگەری لەسەر نەتەوەكانی غەیری عەرەب)

ئەنجام

لیستی سەرچاوەكان

## پێشەکی

بزوتنەوەی شعوبیەت، بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەبە لەسەردەمێکی مێژوییدا، هەوڵو خەباتی ئەو موسوڵمانە نا عەرەبانەیە لەرووی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتیو رۆشنبیرییەوە کە سەرەتا بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەوە لەسەردەمی ئومەوییەکاندا دەرکەوتنو داوای یەکسانیو دادپەروەری ئیسلامییان دەکرد، لەژێر رۆشنایی ئایەتی (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)، کە کەس لەکەسی دیکە زیاتر نییە، لای خودا تەنها ئەو کەسانە نەبێت کە خواپەرستیو خۆپارێزییان هەیەو عەرەبەو عەجەمو رەشو سپی.. تاد، بێ جیاوازی لەئەرکو مافەکاندا یەکسانن (لافرق بين عربي وعجمي إلا بالتقوى).

بزوتنەوەی شعوبیەت بەشداری سەرەکییان کرد لەسەرخستنی شۆڕشی عەبباسیو بەشدارییان لەپۆستە گرنگەکانی حوکمڕانی عەباسییەکاندا کرد، لەڕووی فیکریو رۆشنبیریو شارستانییەوە کاریگەرییان بەجێهێشت لەسەر بیری ئیسلامیو دەوڵەتی عەباسیو نەتەوەکانی غەیری عەرەب، لەسەرەتادا داوای یەکسانیو دادپەروەرییان دەکرد، بەڵام بەگۆڕانی قۆناغە مێژووییەکانو بەهێزبوونی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بەتایبەتی لەسەردەمی عەباسی یەکەمدا بانگەشەیان گۆڕا بۆ دەمارگیریو شانازیکردن بەکلتورو رۆشنبیریو ئاینو نەتەوەی خۆیانەوەو لەم بوارەشدا چەندین کتێبو نوسراویان لەسەر رەچەڵەکو زمانو ئاینی عەرەبەکان نووسی...

لەراستیدا هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بەپلەی یەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تائێستا بەزمانی شیرینی کوردی باسێکی سەربەخۆ بەخود توێژینەوەیەکی زانستی بۆ تەرخان نەکراوە، بۆیە بەپێویستمزانی وەك خوێندکارێکی کورد توێژینەوەی دەرچوونەکەمان تەرخان بکەین بۆی، بەو هیوایەی کەلێنێك لەکتێبخانەی کوردی پڕ بکاتەوە ئەگەر شیاوبێت بەزمانە پاراو و رەسەنەکەی خۆمان، هەروەها گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە لەگۆشەنیگایەکی کوردییانەوە توێژینەوە لەسەر بزوتنەوەی شعوبیەت کراوە، جیاوازی لەو تێڕوانینە دەمارگیریو شۆڤێنییانەی عەرەبەکان، بۆیە گەرام بەدوای سەرچاوەکانداو بەهەوڵو رێنمایی سەرپەرشتیاری بەرێز (د. نەبەز مەجید ئەمین) توانرا ئەم بەرهەمە بگاتە ئەنجام، ئەو سەرچاوانەش بەکارم هێناون لەتوێژینەوەکەمدا هەمە جۆرو هەمە چەشنەن، لەڕووی زمانەوە بەشێکی زۆری سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبییە، ئەمەش لەبەر ئەوەی توێژینەوەکە لەبواری مێژووی ئیسلامیدا نوسراوە، ئەو سەرچاوە عەرەبییانەش کە سودم لێوەرگرتووە وەك (العقد الفريد)ی ئیبن عەبد رەبە ئەلئەندەلوسیو (تأريخ الطبري)ی تەبەریو (المقدمة)ی ئیبن خەلدونو (البيان والتبين)ی جاحڤ و (ضحى الاسلام وفجر الاسلام وظهر الاسلام)ی ئەحمەد ئەمینو...تاد.

ئەو سەرچاوانەش کە بەزمانی کوردی سودم لێوەرگرتوون بریتین لە (بیری نەتەوەیی کورد نەبیری قەومیەت)ی خۆرهەڵاتەو نەبیری ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایە)ی جەمال نەبەزو (کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی

خەلافەتدا)ی عەباس عەبدولکەریم، هەرچی سەرچاوە فارسییەکانیشە تەنها (دوقرن سکوت)ی د. عەبدولحسەین زرین کوب، بەکار هاتوە.

هەروەها هەوڵمداوە کە هەندێ ئەنسکلۆپیدیاش بەکاربهێنم وەك (دائرة المعارف الاسلامية)ی دانراوی خۆرهەڵاتناسەکانو (موسوعة السياسة)ی د. عەبدولوەهاب ئەلکەیالیو ئەوانی تر، کە سودێکی زۆرم لێوەرگرتوون.

لەلایەکی ترەوە لەهەندێ شوێندا سودمان لەگۆڤار وەرگرتووە وەك گۆڤاری (دراسات للأجيال) هەروەها هەستاوین بە بەکارهێنانی هەندێ تێزی ماستەرو دکتۆرا وەك (الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول)ی د. حسين عطوان و (البابكية أو إنتفاضة الشعب الأذربيجاني ضد الخلافة العباسية)ی حسين قاسم عزيز.

هاوکات توانیومە سود لەسەرچاوەو کتێبە خۆرهەڵاتناسییەکان وەربگرم وەك (الدولة العربية وسقوطها)ی (يوليوس قلهاوزن).

هەروەها لەرووی سەرچاوەی سەرەکیو یاریدەدەرەوە، هەوڵمداوە بەشێوەیەکی باش سود لەسەرچاوە سەرەکییەکان وەربگرم، بۆ ئەم مەبەستەش (الكامل في التأريخ)ی ابن الاثيرء (لسان العرب) ی ابن منظورو (فتوح البلدان)ی البلاذریو (المقدمة)ی ئیبن خەلدونو (تأريخ الطبري)ی تەبەری بەکارهێناوە.

توانیومە سودێکی باش لەسەرچاوە یاریدەدەرەکانیش وەربگرم وەك (المباحث في الحركة الشعوبية)ی د. فاروق عومەرو (الصراع بين الأمويين ومبادئ الاسلام)ی د. نوری جەعفەر و (الصراع بين الموالي و العرب)ی د. محەمەد بەدیع شەریفو...تاد.

هەروەها جگە لەو سەرچاوە مێژووییەکان، پەنام بردۆتە بەر هەندێ سەرچاوەی تری فیکریو زمانەوانیو فیقهی وەك (من تأريخ الحركات الفركية في الاسلام)ی د. بەندەلی جوزیو (المجتمعات الأسلامية في القرن الأول، نشأتهاء تطورها الأدبي واللغوي)ی د. شكري فيصل و (مجموع الفتاوى)ی إبن تيميةو...تاد.

بەگشتی سەرچاوەکانم سەرچاوەی باوەڕپێکراونو هەوڵمداوە زیاتر ئەو زانیارییانە وەربگرین کە متمانەدار بوون، لەهەر شوێنێکدا پێویست بووبێت قسەو تێبینیمان لەسەر زانیارییەکان پێشکەشکردووە.

لەرووی متیۆدی لێکۆڵینەوەوە، تاڕادەیەکی زۆر هەوڵمداوە بەمتیۆدێکی زانستیو بێ لایەنانە ڕاستی ڕوداوە مێژووییەکان ساغ بکەینەوەو هیچ جۆرە دەمارگیریو لایەنگیرییەکمان دەرنەبڕیوە، بەڵکو زۆر ماندووبووم لەڕاستکردنەوەی هەندێ بۆچونو بیروڕا کە لەدیدیگایەکی دەمارگیریو شۆڤێنی عەرەبی نوسرابوون لەسەر بزوتنەوەی شعوبیەت وەك بۆچوونەکانی (د. فاروق عمر)و (د. عبدالعزيز الدوري)و..تاد.

سەرەتا عەرزی بیروڕاو بۆچوونەکانمان کردووەو لەهەر جێگەیەشکیشدا پێویست بووبێت، تێڕوانینو سەرنجو زانیاری خۆمان پێشکەشکردووە وەك لەمانای زاراوەی شعوبیەتو پێناسەی شعوبیەتو..تاد.

هەروەها سەبارەت بەپلانو نەخشەی توێژینەوەکە، ئەمەش هەر لەسەر رێنمایی بەرێز سەرپەرشتیار بووەو گەیشتە ئەنجام، بەگشتی لەسێ بەش پێکهاتووەو هەر بەشێك دابەشکراوە بەسەر چەند باسێکدا بەم شێوەیە:

باس لەمانای شعوبیەت کراوەو دابەشکراوە بۆ سێ باس:

باسی یەکەم: لەم باسەدا هەستاوین بەناساندنی زاراوەی شعوبیەت لەروانگەی متیۆدی زانستییەوەو بیرورا جیاوازەکانمان خستۆتە روو، دواتریش بەگوێرەی پێویست بیرو بۆچوونو تێبینی خۆمان دیاریکردووە.

باسی دووەم: هەوڵمانداوە شوناسنامەو پێناسەیەکی گشتگیر ببەخشین بەبزوتنەوەی شعوبیەتو ناساندومانە بەوەی کە بزوتنەوەیەکی فیکریو کۆمەڵایەتیو شارستانی بووە کە نەتەوەکانی غەیری عەرەب پێی هەستاون بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان.

باسی سێیەم: باس لەسیاسەتی دەسەڵاتە ئیسلامیەکان کراوە بەرامبەر بەنەتەوەکانی غەیری عەرەب، هەر لەسەردەمی پێغەمبەر "د.خ" تاوەکو سەردەمی راشدینو دواتریش لەسەردەمی ئومەوییەکاندا گیروگرفتی موسڵمانە نا عەرەبەکان دەرکەوت، چونکە ئومەوییەکان هەندێکیان دوور کەوتبوونەوە لەبنەماکانی ئیسلام.

بەشی دووەم: ئەم بەشەمان تەرخانکردووە بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەتو بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە.

باسی یەکەم: هەوڵمانداوە باس لەو بارودۆخانە بکەین لەسەردەمی دەرکەوتنی بزوتنەوەی شعوبیەتدا، کە چۆن دەسەڵات لەدوای سەردەمی راشدین بەگوێرەی فەرمایشتی پێغەمبەر "د.خ" بریتییە لەپاشایەتی قەیگرو زۆرداری، باسکردنی بارودۆخی ئابوریو سیاسیو کۆمەڵایەتی ناوچەکانی خۆراسانو قەفقاسو فارس نشینەکان، کە یارمەتیدەرێك بوون بۆ سەرهەڵدانی گیروگرفتو ناڕەزایی نەتەوەکانی غەیری عەرەب دژی ئومەوییەکان.

باسی دووەم: باسمان لەهۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت کردووە لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەوە، کەچۆن ئەم مامەڵانەی ئومەوییەکان لەگەڵ نەتەوەکانی غەیری عەرەبدا دووربووە لەبنەماو زانیارییەکانی ئیسلامەوەو هۆکاری سەرەکی بوون لەسەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەتدا.

باسی سێیەم: هەوڵمانداوە بەهێنانەوەی چەند هۆکارێکی روخاندنو نەمانی دەوڵەتو دەسەڵاتی ئومەوییەکان، وەك فاکتەرێکی یارمەتیدەر رۆڵیان هەبووە لەزیاتر گەشەکردنی بزوتنەوەی شعوبیەتدا، لەو هۆکارانەش دروکەوتنەوە لەپرەنسیپی راوێژ (شوری)و سەرهەڵدانی ململانێی خێڵایەتیو مەسەلەی جێنشینیو..تاد بهێنینەوە.

بەشی سێیەم: ئەم بەشمان تایبەت کردووە بەکاریگەرییەکانی بزوتنەوەی شعوبیەتو بەسەر سێ باسدا دابەشکراوە.

باسی یەکەم: هەستاوین بەخستنە ڕوی کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر فیکری ئیسلامی،و باسمان لەوە کردووە کە موسوڵمانە ناعەرەبەکان بەزانستەوە خەریکبوونو بزوتنەوەی شعوبیەت کاریگەری هەبووە لەسەر هاتنە ئارای تەفسیری جیاواز بۆ قورئانو دەرکەوتنی گروپە ئیسلامییەکان وەك موعتەزیلەو تەسەوفو قەدەرییە، کە ئەمەش بەهۆی کاریگەری ئاینی زەردەشتیو مانیو مەزدەکییەوە بووە، هەروەها باس لەرێگەکانی گواستنەوەی ئەو کاریگەرییانەش کراوە وەك تێکەلاوی نێوان عەرەبو نەتەوەکانی غەیری عەرەبو وەرگێڕانو گواستنەوە.

باسی دووەم: هەوڵمانداوە باس لەکاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر دەوڵەتی عەبباسی بکەین، کە چۆن رۆشنبیری نەتەوەکان غەیری عەرەب کاریگەری هەبووە لەسەر لایەنەکانی ژیانی سیاسیو فیکریو زانستیو کۆمەڵایەتی عەبباسییەکانو چەند نموونەیەکیشمان هێناوەتەوە.

باسی سێیەم: لەم باسەدا هەستاوین بەخستنە ڕووی کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر نەتەوەکانی غەیری عەرەبە، ئەم کارگەرییەش بەهۆی بەرەو پێشچوونی زانستو دەرکەوتنی موسوڵمانە ناعەرەبەکان خودی بزوتنەوەی شعوبیەت دروستبووە، لەوێشەوە ئیتر بزوتنەوەی شعوبیەت کاریگەری هەبوو بۆ سەر لایەنەکانی ژیانی رۆشنبیرو شارستانیو کۆمەڵایەتیو..تاد، نەتەوەکانی غەیری عەرەب.

هەروەها لەدوای تەواو بوونی توێژینەوەکە هەستاوین بەدەستنیشانکردنو دەرهێنانی ئەنجامی توێژینەوەکەو بەگوێرەی بەشو باسەکانی توێژینەوەکە ئەنجامی توێژینەوەکەمان دیاری کردووە.

هەروەها بۆدواجار لەکۆتایی توێژینەوەکەدا لیستی سەرچاوەکانمان بەکارهێناوە بۆ هەموو ئەو سەرچاوانەی کە بەکارمان هێناوەو سودمان لێوەرگرتوون بەشێوەیەکی راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆ، بەگوێرەی پیتی ئەبجەدی دیاریمان کردوون، سەرچاوەکانیش هەمە جۆرن لەڕوی زمانو بوارەوە.

بێگومان ئەم توێژینەوەیە بەئەنجام نەدەگەیشت ئەگەر رێنمایی سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بەرێز (د. نەبەز مەجید ئەمین) نەبوایە کە هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ باسەکەدا رێنمایی پێویستی کردم لە (داڕشتنی پلانی توێژینەوەکەو چۆنێتی بەکارهێنانیو سود لێوەرگرتنی سەرچاوەکانو چۆنێتی بەئەنجام گەیشتنی توێژینەوەکە)، دواجار بەتێبینیو سەرنجو زانیارییە زانستییەکان ئاسۆی توێژینەوەکەی هێندەی تر فراوان کرد.

هەروەها ئەوەی زیاتر جێگەی خۆشحاڵی منە ئەوەیە کە کەسایەتییەکی زانستی وەك بەرێز (د. نەبەز مەجید ئەمین)، سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم بوو کە بۆ توێژینەوەکەم پاڵپشتێکی زانستیو مەعنەوی بەهێزە کە لەدوا رۆژدا بتوانم شانازی بەتوێژینەوەکەمەوە بکەم.

بۆیە لەناخی دڵمەوە سوپاسی تایبەتیو بێ پایانی بەرێزیان دەکەمو ئومێدەوارم رۆژ بەرۆژ لەبواری زانستو روناکبیریو مەعریفەدا سەرکەوتووبێتو چرایەکی گەشاوەتر بێت بۆ کوردو کوردستان.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵو ماندووبوونی توێژینەوەو بەبێ کەموکورتی نابێتو ئەم کارەش پێویستی بەتوێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زیاترە.

دەروازە:

لێدوان دەربارەی سەردەمەکانی مێژووی ئیسلامی لەبەردەم چەند خاڵێکی گرنگدا ڕامان دەوەستێنێت ئەویش ئەوەیە کە پێویستە بەشێوەیەك بۆ مێژووی ئیسلامی بڕوانین کە هەست بکەین مێژووی موسڵمانان هەڵەو کەموکورتی تێدایە، هەروەك چۆن لاپەڕەی گەشو پرشنگداری تێدا بەدی دەکرێت، چونکە ئەگەر وەها نەبێت ئەو کات ناتوانین لێکۆڵینەوە لەو مێژوەدا بکەین، هاوکات پێویستە جیاوازیش بکەین لەنێوان دوو جۆر لەمێژوودا کە یەکەمیان بریتییە لەمێژووی ئیسلام خۆی کە زیاتر لەئاینەکە دەگرێتەوەو هیچ نکوڵی لەڕۆڵی مەزنی ئیسلام ناکرێت لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، جۆری دووەمی ئەو مێژووە بریتییە لەمێژووی موسوڵمانان کە دەکرێ تێبینیو سەرنجمان لەسەر ئەو مێژووە هەبێت، چونکە مرۆڤ دروستیکردووەو زادەی بیرو هۆشو عەقڵی خۆیەتیو دەکرێ ڕووبەڕووی هەڵەو کەموکورتیو لادان لەجەوهەری ئاینەکە بووبێتەوە.

ئەم توێژینەوەیەی ئێمە لەسەر بزوتنەوەی شعوبیەت بریتییە لەپرۆژەو هەوڵێکی شیکاریو رەخنەیی بۆ سەردەمێك لەمێژوی موسڵمانان کە تیایدا بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب سەریهەڵدا، لەئەنجامی کەموکورتی لەپیادەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامیدا، بەتایبەتی لەسەردەمی ئومەوییەکانداو لای هەندێ خەلیفەو کاربەدەستی ئومەوی کە دوور کەوتبوونەوە لەبنەماو پرەنسیپە ئیسلامییەکانو بەچاوێکی نزمو کەمەوە سەیری موسڵمانە ناعەرەبەکانیان کردووە.

لەتوێژینەوەکەدا لەروانگەی دەوڵەتو ئەزمونی عەقڵی مرۆییەوە لێکۆڵینەوەمان لەسەر ئومەوییەکان کردووەو لەجەوهەری ئاینەکەمان داڕنیون، بەو مانایەی کە ئەو کارو کردەوەو مامەڵانەی هەندێ خەلیفەی ئومەوی کردویانە بەرامبەر بەنەتەوەکانی غەیری عەرەب زادەی بیرکردنەوەو تەجروبەی عەقڵی دونیایی خۆیان بووەو ئاینی ئیسلام لەکارە خراپەکانیان بەرپرسیار نییە.

ئەم شێوازەشمان بۆیە لەتوێژینەوەکەدا پەیڕەوکردووە، بۆ ئەوەی بگەین بەئەنجامێك لەسەر بزوتنەوەی شعوبیەت، چونکە بەگوێرەی هەندێ بیروڕای عەرەبە شۆڤێنیو دەمارگیرەکان، بزوتنەوەی شعوبیەت گوزارشتی لەدەرماگیری فارسەکان کردووە دژ بەعەرەب، لەکاتێکدا خودی بزوتنەوەکە لەئاکامی هەبوونی بۆشاییەکی گەورە لەدەسەڵاتی هەندێ خەلیفەی ئومەویدا هاتنە ئاراوە کە پاشەکشەیان لەزۆرێك لەبنەماکانی ئیسلام کردبوو، بۆیە لێرەوە بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەوە دەرکەوتنو داوای پراکتیککردنی یەکسانیو دادپەروری ئیسلامییان دەکرد، ئەگەر چی دواترو لەسەردەمی عەباسییەکاندا بزوتنەوەی شعوبیەت گۆڕانکاری بەسەردا هات....

بەشی یەکەم

مانای شعوبیەت

باسی یەکەم:

زاراوەی شعوبیەت

باسی دووەم:

پێناسەی شعوبیەت

باسی سێیەم:

(سیاسەتی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان بەرەو نەتەوەکانی غەیری عەرەب)

بەشی یەکەم

مانای شعوبیەت

باسی یەکەم:

زاراوەی شعوبیەت

ئیبن منظور دەڵێ: (شعوب گروپێکن کە فەزڵی عەرەب نادات بەسەر عەجەمدا، شعوبی ئەو کەسەیە کە بەسوك سەیری عەرەب دەکاتو پێیان وانییە کە هیچ فەزڵێکیان بەسەر خەڵکی ترەوە هەبێت، مەبەست لەزاراوەی شعوبیەت ئەوانەن کە لەهۆزە عەرەبەکانەوە پەلیان هاویشتووە، یاخود مەبەست پێی عەجەمە)[1].

لەشوێنێکی تردا هاتووە کە زاراوەی شعوبیەت بیرۆکەیەکی سیسیو ئەدەبی بوو کە ئاینی کرد بەدروشمێك بۆ خۆیو لەنێوان رەگەزە ناعەرەبییەکاندا سەریهەڵدا...[2]

هەریەکە لەئیبن منورو فیروزی ئابادیو عەرەبەکان بەگشتی زیاتر لەروانگەیەکی زمانەوەییەوە بۆ زاراوەی شعوبیەت دەڕوانن، جگە لەوەی کە ژمارەیەك لەعەرەبە نەتەوەییەکان بەچاوی ڕقەوە سەیری شعوبیەت دەکەن.

---

[1] لسان العرب، ج4/ لا، 227، هەروەها بڕوانە محمد بن أبي بكر عبدالقادر: مختار الصحاح، لا338.

[2] عبدالوهاب الكيالي: موسوعة السياسة، ج3/لا483 هەروەها بڕوانە دائرة المعارف الاسلامية، ج5/لا483، هەروەها بڕوانە مجدالدين الفيروز ابادي: القاموس المحيط، ج1/لا88.

کاتێك واقعییانه بۆ مانای شعوبیەت دەگەڕێین دەبینین کە زاراوەی شعوبیەت بزوتنەوەیەك بوو کە لەحەقیقەتدا گوزارشتەی لەهۆشیاری نەتەوەیی فارس دەکرد[3]. دەکرێ لێرەدا بڵێین بزوتنەوەیەك بوو گوزارشتی لەهۆشیاری نەتەوەکانی غەیری عەرەب دەکرد لەسەروی هەموویانەوە نەتەوەی فارس. بەمانایەکی تر زاراوەی شعوبیەت بریتیبوو لەجۆرێك لەدیموکراسیەت کە دژایەتی ئەرستۆکراتیەتی عەربەی دەکرد[4].

بەلای ئێمەوە ئەم دوو مانایەی سەرەوە گونجاون و لەراستییەوە نزیکن بۆ زاراوەی شعوبیەت، چونکە لەلایەك شعوبیەت گوزارشتێك بوو لەگەشەکردنی هۆشیاری سەرجەم نەتەوەکانی غەیری عەرەب و دەنگی ناڕەزایی دژی سیاسەتە خراپەکانی هەندێ لەخەلیفەو کاربەدەستەکانی ئومەوی کە دەیانویست هەست ویستی خێڵەکی و نەتەوەیی عەرەبەیی خۆیان دوور لەبنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بەسەر رەگەزو نەتەوە نا عەرەبەکاندا پراکتیك بکەن.

لەلایەکی تریشەوە کاربەدەستە ئومەوییەکان لەئەنجامی دەست بەسەراگرتنی سەروەت و سامانی وڵاتە والآکراوەکان وردە وردە بوو بوونە چینێکی ئەرستۆکرات. کە نەتەوەکانی غەیری عەرەب داوای دیموکراسیەتیان لێدەکردن.

وشەی شعوبیەت بەمانای خەڵکی یەکسانیخوازیش هاتووە[5]. ئەمەش وەکو دروشمێك بوو کە لەسەرەتای سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەتدا لەئەنجامی نابەرابەری عەرب و نەتەوەکانی تری غەیری عەرەب لەمافەتکاندا داوای یەکسانییان دەکرد، ئەمەش تارأدەیەکی زۆر مانایەکی گونجاوو شیاوە بۆ زاراوەی شعوبیەت، لەبەر ئەوەی ژمارەیەك کاربەدەست و خەلیفەی ئومەوی بەتایبەتی لەکۆتایی فەرمانڕەوایی ئومەوییەکاندا نەتەوەکانی غەیری عەرەبیان لەمافە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکان بێ بەش دەکردو بەچاوی یەکسانییەوە سەیریان نەدەکردن.

بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب لەسەردەمی ئومەوییەکاندا زیاتر بزاڤێکی ناڕێکوپێك و شاراوە بووەو لەژێر دروشمەکانی ئاینی ئیسلامدا خەباتی خۆیان درێژە پێدەداو داوای یەکسانیی و دادپەروەری ئیسلامییان دەکرد[6]. هەندێکی تروای بۆدەچن کە زاراوەی شعوبیەت هەموو ئەو کەسانە بگرێتەوە کە لەکۆن و نوێدا دژ بەعەرەب راپەڕیون[7]. بەلاّم بەبروای ئێمە ئەم مانایە بۆ مێژووی نوێ راست نییەو ناگونجێ، ئەگەر چی ژمارەیەك نووسەرە عەرەبە شۆڤێنییەکان زاراوەی شعوبیەتیان لەم سەردەمەدا بەمەبەستی سەرەوە بەکارهێناوە.

---

[3]د. حسن عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول، لا128
[4]احمد أمين: ضحى الأسلام، ج59/1.
[5]عبد ربه الاندلسي: العقد الفريد، ج3/لا351 هەروەها بروانە الجاحظ: البيان والتبين، ج3/لا5.
[6]د. فاروق عمر: مباحث في الحركة الشعوبية، مفهومها، ابعادها، اهدافها، لا9.
[7]محمد كرد علي: الأسلام والحضارة العربية، ج1/لا35.

دەربارەی مێژووی سەرهەڵدانی شعوبیەت، چەند بیروڕایەك هەیەو زۆرێك لەسەرچاوە مێژووییەکان دا باسی دەکەن کە سەرەتای زاراوەی شعوبیەت بەناوی (خەڵکی یەکسانیخواز–أهل التسوية)ەوە دەرکەوتووە، ئەگەرچی وشەی شعوبیەت نە لەقورئانی پیرۆزو نە لەفەرموودەکانی پێغەمبەردا "د.خ" نەهاتووە، بەڵام بەشێوەی (شعوب) لەئایەتێکی قورئاندا هاتووە (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ)[8]. لێرەدا بەمانای زاراوەی شعوبیەت وشەی (شعوباً) راڤە نەکراوە، تەنانەت لەسەردەمی راشیدینیشدا بوونی نەبووە، بەڵام لەپێشترینی ئەو کتێبانەی کە دەربڕینی (شعوبیەت)ی تێدا بەکارهاتبێ، بریتییە لەکتێبی (البيان والتبين)ی "الجاحظ" لەسەردەمی عەبباسی یەکەمدا[9]. رۆژهەڵاتناسی "هاملتون جب" لە(دراسات في حضارة الاسلام)دا "زاراوەی شعوبیەت لەقۆناغی دوایی بەکارهاتووەو سەرچاوەی ئەو ناودێرکردنە نازانرێ"[10].

رۆژهەڵاتناس "زند" لەگەڵ "جب" دا هاودەنگن لەسەر ئەوەی کە جوڵانەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب کاتێ دەستییپێکردووە کە زمانی عەرەبی سەرکەوتنی بەدەستهێناوە لەکۆنترۆڵکردنی زمانە ئێرانییە جۆراوجۆرەکاندا لەگۆڕەپانی رۆژهەڵاتدا..[11]. بەلای ئێمەوە دیاریکردنی ئەم مێژووە شتێکی راستو دروست نییە، چونکە دیاریکردنی بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب ململانێیەکی زمانەوانی نێوان نەتەوەکانی رۆژهەڵات نەبوو تاوەکو لەوێوە زاراوەی شعوبیەت بێتە ئاراوە. لەکاتێکدا سەرهەڵدانی ئەو زاراوەیە پێوەندی بەهەندێ ململانێی فیکریو مومرەسەکردنی دەسەڵاتی ئیسلامییەوە هەیە بەشێوەیەکی نامەشروع بەرامبەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب.

بیروڕا وایە کە رەگو ریشەی زاراوەی شعوبیەتو جموجوڵی شعوبیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە (ئیسماعیلی کوڕی یسار) لەسەردەمی هیشامی کوڕی عەبدولمەلیکدا شیعرێك لەحزوری هیشامدا دەخوێنێتەوەو تیایدا شانازی بەنەتەوەکەی خۆیەوە دەکات (کەفارس)ەو لەشیعرەکەدا دەڵێت:

"کێیە وەکو شاپورو هورمزان؟

شایانی فەخرو گەورەیی بێت"

کاتێك هیشام گوێی لێدەبێت تورە دەبێتو دەبێژێ:

"بەسەر مندا گەورەیی دەفرۆشی، لەبەرامبەر مندا خۆتو نەتەوەکەت ستایش دەکەیت". پاشان فەرمان دەکات بەکوشتنیو دواتر لەگۆلە ئاوێکی بچوکدا فرێی دەدەن[12]. بیروڕاش وایە کە ئەو حاڵەتەی ئیسماعیل

---

[8] سورەتی الحجرات، ئایەتی (13).

[9] احمد أمين: ضحى الأسلامية، ج1/لا57-58.

[10] لەد. فاروق عمر: مباحث في الحركة الشعوبية...لا (10)وە وەرگیراوە.

[11] هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 11.

[12] عبدالحسين زرين كوپ: دوقرن سكوت، لا299.

کوڕی یەسار سەرەتای دەرکەوتنی بزاڤی شعوبیەتو خۆیشی یەکەم شعوبی بێت لەو سەردەمەدا[13]. بەڵام ئەمەش ناگاتە ئەو راستییەی کە دەرکەوتنی بزاڤی نەتەوەکانی غەیری عەرەب زادەی پێشێلکردنو جێبەجێکردنی مافو داواکاری نەتەوەکانی غەیری عەرەب بێت لەسەردەمی ئومەوییەکاندا.

هەندێك لەنوسەرە عەرەبەکە نەتەوەییەکان بڕوایان وایە کە دەرکەوتانی شعوبیەت دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی کە فارسەکان لەسەرەتای بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلامەوە، لەلایەن پێغەمبەرەوە"د.خ" کە نوێنەرەکانی دەنارد بۆ شوێنەکان، ئەوان سەرپێچیو یاخیبوونی خۆیان راگەیاندووەو کیسرای پادشایان وتویەتی:

"چۆن ئەمەی بۆمن نوسیوە کە ئەو بەندەی منە"[14]. دواتریش گوایە لەسەردەمی راشدینەوە بزوتنەوەی شعوبیەت لەڕووداوی شەهیدکردنی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب)ەوە"ڕ.خ" خۆی نواندووە.[15] بەڵام جارێکیتر ئەم بیرو بۆچوونانە بۆ بزاڤێکی کاکڵداری وەك شعوبیەت کە چەندین هۆکارو پاڵنەری سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی لەپشتییەوە ئامادەییان هەبوو ناچنە چوارچێوەی عەقڵو لێکۆڵینەوەیەکی راستییەوە، چونکە سەرکەشیو رازی نەبوونی فارس بەوەرگرتنی ئاینی ئیسلام پێوەندی بەخۆ بەزلزانینو لوت بەرزی ئەوانەوە هەیە لەگەڵ هەندێ شتی تر. دەربارەی گێڕانەوەشی بۆ سەردەمی راشدین، بەبڕوای ئێمە هێندەی ئەنجامدانی ئەو ڕووداوە کارێکی شەخسی بووە ئەوەندە پێوەندی بەسەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەتەوە نییە، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆری سەرچاوە مێژووییەکان ئەم بۆچونەی سەرەوەیان راست نەکردۆتەوەو بۆچونێکی لاوازە، ئەوا دوای خەلافەتی عومەری کوڕی خەتتابیش هیچ جۆرە بزوتنەوەیەکی یاخیبوون بەمانای بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب سەریهەڵداو دەرنەکەوت کە راستی ئەم بۆچونە بسەلمێنێ.

بزوتنەوەی شعوبیەت بەتەنها پێك نەهاتبوو لەرەگەزی فارس: بەڵکو رەگەزەکانی تری وەك (نبطی و قبطی و ئەندەلوسییەکانو زوط[*] لەخەڵکی سندو زنجەکان لەئەفریقاو کوردیش لەو بزوتنەوەیەدا بەشدارییان کردووە، سەرەڕای جیاوازی رەچەڵكو رەگەزییان شانازییان بەسەر عەرەبدا دەکردو دژی عەرەب بوون، بەڵام دەکرێ بوترێ کە فارس لەم بزوتنەوەیەدا رۆڵی کاریگەرییان بینیوە)[16].

---

[13] عبدالعزيز الدوري: الجذور التأريخية للشعوبية، لا14، درێژەی شیعرەکە بخوێنەرەوە.

[14] الطبري: تأريخ الطبري، ج2/لا655/ هـەروەها بڕوانـە د. حسين فاضل زعين: (مؤامرة الفكر الشعوبي على الأمة العربية في العصر العباسي) گۆڤاری (دراسات اجيال)، ژمارە 4، لا299.

[15] د. عبدالله سلوم السامرائي: الشعوبية حركة مضادة للأسلام والأمة العربية، لا109.

[*] زوط: ناوی هۆزێکە کە لەپێش هاتنی ئیسلامدا لەقەڵا سنوورییەکاندا (الثغور) نیشتەجێ بوون لەنێوچەی کەنداوی فارس، هەندێکی تر پێیچیان وایە کە زوطەکان لەنێوان بەسرەو واسیتدا نیشتەجێبوون.. بڕوانە: دائرة المعارف الاسلامية، ج10/لا249.

[16] د. حسن عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول، لا149

لەسەردەمی ئەمەوییەکاندا عەرەبەکان هێندە بەسەر ئەوانی تردا باسی گەورەیی و چاکەی خۆیان دەکرد کە بوو بەهۆی بێ تاقەتی و ئازاری ئەو ناعەرەبانە، لەم رووەوە ئەم بیرۆکەی شعوبیەت لەنێو موسڵماناندا بڵاوبوویەوە کە بانگەشەی ئەم عەرەبانەو ئەو رەفتارە ناشیاوەی کە لەگەڵ ئەوانی تردا دەینوێنن لەگەڵ قورئاندا وێك نایەتەوە[17]. ئیتر زۆرینەی موسڵمانان خۆیان پێ رانەگیراو ئەو بانگەشەیان رەتکردەوەو وتیان: "عەرەب هیچ فەزڵێکیان بەسەر نەتەوەکانی تردا نییە، خەڵکی هەموو لەیەك ناوەرۆکن، لێرەشەوە شعوبییەکان کە لەژێر ناوی خەڵکی یەکسانیخوازدا بوون پێیان وابوو کە عەرەب نەك هەر فەزڵێکیان بەسەر نەتەوەکانی ترەوە نییە، بەڵکو خۆی بەرییە لەهەموو گەورەیی و فەزڵێك، هەرگیز نەدەوڵەتێکی هەبووەو نەدەسەڵاتێك، نەپیشەسازی و نەهونەرێکی پێشکەش بەجیهان کردووە..."[18].

بەمانایەکی تر بڵێین بزوتنەوەی شعوبیەت لەنیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی دەستیپێکرد،و لەسەردەمی ئومەوییەکاندا بەردەوام بوو، هەتاکو سەرکەوتنی عەباسییەکان لەبونیاتنانی دەوڵەتەکەیانداو موسڵمانە ناعەرەبەکانیان بەکاردەهێناو کاریان پێدەکردن لەناوەندە گرنگەکانی دەوڵەتدا، هەندێکیان بەرپرسیارێتی فەرمانڕەوێتییان پێدەدرا[19]. بەبڕوای ئێمەش دیاریکردنی مێژوویەکی راستو گونجاو بۆ سەرهەڵدانو دەرکەوتنی بزاڤی نەتەوەکانی غەیری عەرەب ئەوا لەسەردەمی فەرمانڕانی ئومەوییەکانەوە بەتایبەتی کۆتایی دەسەڵاتی ئومەوییەکاندا پەری سەند.

دەبینین بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب نەلەسەردەمی پێغەمبەر "د.خ"و نە لەسەردەمی راشیدین سەریهەڵنەدا، ئەم راستییەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەو دوو سەردەمەدا بنەماکانی ئاینی ئیسلام وەکو خۆی پیادە کراوەو کەس مافی نەخوراوەو پێشێل نەکراوە، بەپێچەوانەوە سەرهەڵدانی بزاڤی شعوبیەت لەسەردەمی ئومەوییەکاندا پێوەندی بەخراپی زوڵمو ستەمی هەندێ کاربەدەستی ئومەوییەکانەوە هەیە دژ بەنەتەوەکانی غەیری عەرەب، چونکە ئەوان کۆڵەکەی دەوڵەتەکەیان لەسەر رەگەزی عەرەبی دامەزراندبوو[20].

---

[17] عبدالحسين زرين كوث: دوقرن سكوت، ل296-297.

[18] هەمان سەرچاوەی پیچشوو. ل297

[19] د. حسن عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول، ل149

[20] حسن ابراهيم حسن: تأريخ الآسلام السياسي والديني و...، ج1/ل342.

**باسی دووەم**

**( پێناسەی شعوبیەت )**

لەڕوانگەی جیاوازەوە چەندین پێناسەی جیاواز بۆ زاراوەی شعوبیەت کراوە:

*بزوتنەوەیەکی رۆشنبیریو شارستانی بووە، کە فارس بەرز رادەگرن بەسەر عەرەبداو وێناکردنی هۆشیاری مەوالییەکانەوە[*] و هەستکردنیان بەرابردویانو شانازیکردنە بەکلتوریان،و عیراق ئەو شانۆیەبوو کە لەسەری دەرکەوتنو تیایدا گەشەیان کرد[21].

*باڵێکی فیکری بوو کە تەمسیلی لەلایەنی فیکریو کۆمەڵایەتی گەلە ژێر کەوتووەکان دەکرد دژ بەباڵا دەستی ئومەویو عەبباسیو دژی دەمارگیری (شۆڤێنی)[22].

*خەباتێکی فیکریو کۆمەڵایەتی بوو کە موسڵمانە نا عەرەبەکان بەرگرییان پێکردووە لەخۆیان. هەندێکیان موناقەشەی یەکسانی عەرەبیان دەکرد لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکاندا ئەمانەش بە(خەڵکی یەکسانیخواز) ناسراون[23].

د. فاروق عومەر پێناسەی شعوبیەت دەکات بەوەی کە بزوتنەوەیەکی فیکریو کۆمەڵایەتی بوو، کە کۆمەڵە ناعەرەبەکان پێی هەستان بەئامانجی لێدانی قەوارەی عەرەبی لەمیانەی رۆشنبیریو پاشماوە شارستانییەکەی، ئەوەش بەکەمکردنەوە لەپلەو پایەی زمانی عەرەبیو هێرشکردنە سەر کلتوری عەرەبی ئیسلامی،و گومان دروستکردن لەڕۆڵی مێژوویی عەرەبو گاڵتەکردن بە بەهاو نموونە عەربییەکان لەبەرامبەردا شانازیکردنە بەکلتوری شارستانی عەجەمیو بەرز راگرتنی بەها ناعەرببیەکانو ژیاننەوەی رۆشنبرییە عەجەمییەکان.[24] ئەم پێناسەیە لەناوەرۆکدا تێڕوانینێکی عەرەبیو شۆڤێنییانەیە بۆبزاڤی شعوبیەت کە دەیانەوێت سیمای ئەو بزوتنەوەیە ناشیرین بکەنو خۆیان لەباسکردنی ئەو رەوشە نالەبارو دژوارە بەدوور بگرن، گرێدانەوەی بزاڤی شعوبییەت بەدژایەتیکردنی کلتوری عەرەب لەراستییەوە دوورەو بناغەیەکی زانستی نییە. لەسەرو بەندی ئەو پێناسانەوە دەکرێ بڵێین شعوبییەت بزاڤێکی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو فیکریو نەتەوەییبوو کە لەلایەن ئەو نەتەوە ژێر دەستانەی کە لەدەوڵەتی ئومەویدا بوون بەرپا بوو دژ بەسیاسەتە دوور لەئاینو مامەڵە خراپەکانیان، لەسەرەتاوە بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەو دەرکەوتن کە داوای یەکسانیو دادپەروری ئیسلامییان دەکرد، چونکە ئەم بزوتنەوەیە خاوەن فیکرێکی نەتەوەیی بوو، هەستی بەجۆرێك لەچەوساندنەوەی نەتەوەییو بگرە رەگەزیش دەکرد، هاوکات لەروی کۆمەڵایەتیشەوە هەڵگری باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی بوو، چونکە لەو بوارەوە عەرەبەکان زۆر جوداخوازی کۆمەڵایەتییەکان

---

[*] مەوالی: واتە موسڵمانی ناعەرەب، بڕوانە دائرة المعارف الاسلامية، ج10/لا441.

[21] د. حسن عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول، لا149 -202.

[22] د. حسين قاسم العزيز: البابكية أو إنتفاضة الشعب اتلأذربيجاني ضد الخلافة العباسية، لا90.

[23] انور الرفاعي: الاسلام في حضارته ونظمه الأدارية والسياسية والأدبية و...، لا252.

[24] د. فاروق عمر: مباحث في الحركة الشعوبية...، لا8.

دەكرد، تەنانەت ئەوانەی كە نا عەرەب بوون بەهاوولاتی پلە دوو ئەژمار دەكران، لەرووی رۆشنبیرییەوە بزوتنەوەی شعوبییەت لەسەر رۆشنبیرییەكی فارسی ئاراستەی رێڕەوە سیاسیو كۆمەلایەتیو شارستانییەكەی دەكرد، جگە لەوەی بزوتنەوەی شعوبیەت شانازی بەكلتورو رابردوو دەسكەوتە نەتەوەییەكانی خۆی دەكرد لەبەرامبەر كلتورێكی عەرەبی بالاَ دەستدا.

## باسی سێیەم

### ( سیاسەتی دەسەلاتە ئیسلامییەكان بەرو نەتەوەكانی غەیری عەرەب )

دەسەلاتی پێغەمبەر "د.خ" لەسەر پرەنسیپی دادپەروریو یەكسانی ئیسلامی دامەزرابوو، لەحەجی مالئاواییدا گوتارێكی داو فەرمووی: "يا ايها الناس إن الله أذهب عنكم نخوة الجاهلية وفخرها بالآباء، كلكم لأدم و آدم من تراب" ئەمەش وەكو ئاگاداركردنەوەیەك بوو بۆ ئەوەی كەس شانازە بەباوو باپیرانو رەگەزو نەتەوەی خۆیەوە نەكاتو جیاوازی لەنێوان عەرەبو عەجەمێكدا نییە تەنها بەخۆپارێزی (تقوى) نەبێت "ليس لعربي على عجمي فضل إلا بالتقوى"[25].

ئەم شێوازە گوتارو مامەلەیەی پێغەمبەر "د.خ" هەلگوازراوی دەقەكانی قورئانی پیرۆزە كە لەچەند شوێنێكدا هاتووە"(يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ[26]. لەشوێنێكی تردا دەفەرموێت "فَإِنْ لَمْ تَعْلَمُوا آبَاءَهُمْ فَإِخْوَانُكُمْ فِي الدِّينِ وَمَوَالِيكُمْ"[27]. بۆیە كردارەكانی پێغەمبەر رەنگدانەوەی قورئان بوو بۆیە لەسەردەمی یەكەمی دەسەلاتی ئیسلامیدا هیچ گیروگرفتێك دروست نەبوو، هاوكات هیچ دەقێكی قورئانو فەرمودە گوزارشت لەگەورەییو جوداوازی نەتەوەو گەلێك بەسەر یەكێكیتردا ناكاتو هەمووان بەیەك چاو سەیركراونو تەنها لەپلەكانی چاكەو كارییو خۆپارێزیدا لەپێشەوەی یەكترین، سیاسەتی پێغەمبەر بەرامبەر نەتەوەكانی غەیری عەرەب بەشێوەیەكی دادپەروەری مامەلەی لەگەلداكردونو ئەوانیش كێشەیەكی ئەوتۆیان نەبووەو چەندین كەسی ناعەرەب وەكو سەلمانی فاسیو سوهەیبی رۆمی هاوەلی بوون. بەهاتنە سەر حوكمرانی خەلیفە ئەبوبەكری سدیق ئەویش ئیلتیزامی كردووە بەو پرنسیپە ئیسلامییانەی سەردەمی پێغەمبەر "د.خ"و بەرامبەر موسلمانە ناعەرەبەكان جێبەجێیكردووەو یەكسانیخواز بووە.(28)

عومەری كوڕی خەتتابیش كە بەكەسێكی دادپەروەر ناسراوە لەمێژوودا لەئەركو مافەكاندا بەرامبەر موسلمانە نا عەرەبەكان جیاوازی نەكردووەو جیاوازی ئەو لەبەخشیندا تەنها لەسەر ئەندازەی گرنگیدانیان بووە لەبەرگریكردن لەئیسلامو چوونە ناوییەوە. كاتێكیش بەخششەكانی دابەشدەكرد پشكی موسلمانێكی

---

[25]عبد ربه الاندلسي، العقد الفريد، ج3/لا325.
[26]سورەتی (الحجرات)، ئایەتی 13.
[27]سورەتی (الأحزاب) ئایەتی 5.
[28]البلاذري: فتوح البلدان، لا427.

عەرەبەو موسڵمانێکی نا عەرەبی وەك یەك لێدەکردو ئەوەیشی جێگیرکرد بوو کە هەموو کەسێك خۆیو هاوپەیمانەکەیو خزمەکارەکەی هەموویان وەك یەکن[29].

دەگێڕنەوە هۆزەکەی (بنو عدي) دێتە لایو داوای شتی لێدەکەنو ویستیوانە بەهۆی خزمایەتییەوە سود لەخەلافەتی عومەر وەربگرن، بەڵام خەلیفە عومەر بەتوندی وەڵامیان دەداتەوەو دەبێژێ: (ئەگەر عەجەمەکان کرداری چاکەیان هەبێتو ئێمە نەمان بێت ئەوا ئەوان لەپێشترن لە (محمد)، هەر کەس کرداری خراپ دوای بخات ئەوا رەچەڵەکو رەگەز پێشی ناخات)[30].

خەلیفە عومەر ئەم دادپەروەرییەی بۆ والیو کاربەدەستە موسڵمانکان نوسیو دەیووت: (ئەگەر هەر حەمرایەکتان (الحمراء)[*] ئازادکرد موسڵمان بوون ئەوا بیان خەنە ناو موسڵمانە نا عەرەبەکان خۆیان، لەسەریانە ئەوەی کە لەسەرینەو هەشیانە ئەوەی کە پێیان دراوە......)[31]. هەڵسوکەوتی خەلیفە (عوسمانی کوڕی عەففان) درێژە پێدانی مامەڵەو سیاسەتی عومەری کوڕی خەتتاب، بووەو موسڵمانە نا عەرەبەکان لەژێر دادپەروەری ئیسلامیدا مومارەسەی کاری ئاسایی خۆیان کردووە.

سەبارەت بەسەردەمی دەسەڵاتی عەلی کوڕی ئەبو تالیب ئەوا ئەو دادپەروەریو یەکسانییە ئیسلامییەی نێوان موسڵمانە عەرەبو ناعەرەبەکان دووبارە کرایەوەو پراکتیك کراوە.

لێرەدا تێدەگەین کە گیروگرفتو بزوتنەوەی نەتەوەکانی عەرەب لەسەردەمی پێغەمبەر "د.خ"و خەلیفەکانی راشیدیندا سەریهەڵنەدا، بەڵکو کێشەی موسڵمانە نا عەرەبەکان لەسەردەمی دەوڵەتی ئومەوییدا دەرکەوتو سەریهەڵدا، بەشێوەیەك کە ژمارەیان زیادی کردو لەشارەکاندا سەقامگیربوون، کە زۆربەیان بەخششیان وەرنەدەگرتو وایان دەبینی کە بەخشش مافی سەرجەم موسڵمانەکانە[32]. لەلایەکی تریشەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتیو ئابورییان گۆڕانی بەسەرداهات، بەڵام ئەمە خاڵی بنەڕەتیو سەرەکی نەبوو بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بەڵکو مەسەلەی نا یەکسانیو نەبوونی دادپەروەری ئیسلامی لەسەردەمی فەرمانڕەوایی هەندێ خەلیفەو کاربەدەستانی ئومەوی لەماوەی دواییەکانی دەوڵەتی ئومەوییدا ئەو دەرفەتەی رەخساند کە بزوتنەوەی شعوبیەت بێتە ئاراوەو سەرەتاش بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەوە (أهل التسوية) دەرکەوتنو داوای پراکتیك کردنی دادپەروەریو یەکسانی ئیسلامییان دەکرد.

## بەشی دووەم

---

[29]البلاذري: فتوح البلدان، لا427.

[30]هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا427.

[*]الحمراء: مەبەست پێی موسڵمانی نا عەرەب بووە، بروانة المعارف الاسلامية، ج10/ لا441.

[31] البلاذري: فتوح البلدان، لا444.

[32]د. عبدالله سلوم السامرائي: الشعوبية حركة مضادة للأسلام و...، لا

## سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت

باسی یەکەم:

بارودۆخ لەسەردەمی دەرکەوتنی بزوتنەوەی شعوبیەت دا

باسی دووەم:

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت

باسی سێیەم

فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی بزوتنەوەی شعوبیەت

باسی یەکەم:

بارودۆخ لەسەردەمی دەرکەوتنی بزوتنەوەی شعوبیەت دا

دەسەڵات لەدوای سەردەمی پێغەمبەر "د.خ"و خەلیفەکانی راشدین بەپادشایی گوزارشتی لێدەکرێت لەمێژووی ئیسلامیدا، هەروەك خودی پێغەمبەر "د.خ" لەچەند فەرموودەیەکدا ئاماژەی پێکردووە کە دەفەرموێت: (الخلافة بعدي ثلاثون سنة، ثم تكون ملكاً)[1]، لەشوێنێکی تردا هاتووە: (الخلافة النبوة ثلاثون سنةً، ثم تكون ملكاً عاضاً)[2]. یاخود بەمانایەکی فراوانتر (اولى دينكم نبوة ورحمة ثم ملك ورحمة ثم ملك، اعفر ثم ملك جبروت)[3].

دەبینین بارودۆخەکەش لەلایەنی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابورییەوە رەنگدانەوەی ئەو سیستمە پادشاییە بووە کە پێغەمبەر "د.خ" لەژێر ناونیشانی (پادشای قەپگر)دا گوزارشتی لێدەکات کە لەلایەن کۆمەلێك خەلیفەو والی دەوڵەتی ئومەوییەوە پیادە دەکرا. سەرەڕای ناجێگیری باری دەسەلاتی سیاسی بەهۆی ململانێو ناکۆکییە هۆزایەتیو خێڵەکیەکان لەنێوان هەردوو هۆزی (یەمەنیو مضری)یەکاندا کە گەیشتبووە ئاستێك کە خەلیفەکانی ئومەوی بەشداری جدییان لەو ناکۆکییانە دەکرد بەپشتگیریو لایەنگیری بۆ هۆزێکیان. ئەمەش لەناوەرۆکدا هیچ پێوەندییەکی بەئاینی ئیسلامو رێنماییەکانییەوە نییە، بەڵکو جەوهەری ئایین لەسەروی هەموشیانەوە ئاینی ئیسلام دژی خێڵایەتیو هۆزایەتییەو بەکارێکی نەفامی لەقەڵەم دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا کۆششو کاری باشی کردووە بۆ سڕینەوەو کۆتایی هێنان بەو دیاردە زیان بەخشە.

لەژێر تەشەنەکردنی ئەم دیاردەو حاڵەتانەی دوورو پێچەوانە بەئیسلامو بارودۆخی وڵاتە والآ کراوەکانیش تا دەهات بەرەو خراپی دەڕۆیشت، چونکە جگە لەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی ناسەقامگیربوو بگرە کاربەدەستو والی ئومەوییەکان لەگەڵ ئەوەی هیچ بەرنامەیەکی گۆڕانکارییان لەگەڵ خۆیاندا پێ نەبوو ئەوا

---

[1]صلاح عبدالفتاح الخالدي: الخلفاء الراشدون بين الاستخلاف والاستشهاد. لا11.
[2]محمد ناصر الدين الالباني: سلسلةالأحاديث الصحيحة، ج1/لا170، هەروەها بڕوانە جلالدين عبدالرحمن السيوطي: تأريخ الخلفاء، لا10.
[3]عثمان بن محمد آل خميس التميمي: حقبةمن التأريخ، لا98.

نەیان دەتوانی چاکسازیو ریفۆرمیش لەبوارەکانی ژیانی ئەو نەتەوانەشدا بەئەنجام بگەیەنن کە لەگەڵ فەرمانڕانی ئەوانەدا بوون.

دەوڵەتی ئومەوی ماوەی (90) ساڵ حوکمڕانی کرد، رەگەزی عەرەبی لەو ماوەیەدا کۆڵەکەو سەرخەر خاوەنی دەسەڵاتی رەهابوو لەرێکخستنی کاروبارەکاندا[4]. کە ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە ئومەوییەکان لەژێر کاریگەری ململانێی هۆزایەتیو خێڵەکیدا بوونو تاڕادەیەك نەیانتوانیوە کە گۆڕانکاری ئەو تۆ بەدەستبهێنن کە باری خراپی نەتەوەکانی غەیری عەرەب بەرەو باشتر بەرێت.

سەرچاوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەماوەی حوکمڕانی کردنی ئومەوییەکاندا بەنایەکسانیو نادادپەروەری فەرمانڕانی کاروباری دەوڵەتەکەیان کردووە، لەروی مامەڵەکردن لەگەڵ نەتەوەکانی غەیری عەرەبدا (جگە لەسەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی عەبدولعەزیز)دا، بەڵکو لەجێبەجێکردنی ئیشوکارەکاندا هەندێ لەکاربەدەستەکانیان ستەمو زۆرداریيان ئەنجامدەدا لەکاتێکدا ئاینو زۆرداری دوو دژنو پێك ناگەنو ئیسلام بۆخۆی دژی تاوانو زوڵمەو گەورە ستەمی حەرامو قەدەغە کردووە[5].

بارودۆخەکەش لەرووی نەتەوە رەگەزایەتییەوە ئومەوییەکان تاڕادەیەك هەندێ خەلیفەو کاربەدەست جیاوازی رەگەزییان دەکردو نەتەوەی عەرەبیان لەپێشتر دادەنا، لەکاتێکدا دەبینین جیاوازی کردن لەنێوان رەگەزەکاندا هیچ قورساییەکی نییە، رۆمیو حەبەشیو فارسیو عەرەبییەك بەبێ جیاوازی هەموویان برای ئاینینو تەنها بەکارو کردوەکانیان رێزدارن[6].

لەرووی ئابورییەوە ئومەوییەکان زۆر جۆر لەئیستغلالکردنو چەوساندنەوەیەکیان مومارەسە دەکردو کاریان بەخەڵکی دەکردو رقیان لەغەیری خۆیان بوو، ئەو باجانەی کە کەم بوون زیادیان دەکردو لەوانەشیان وەردەگرت کە تەنانەت موسڵمان بوو بوون[7]،و مۆری قورقوشم یان لەگەردنی موسڵمانە نا عەرەبەکان دەداو ناوی شوێنەکانیان لەسەر گەردنی جوتیاری ئەهلی زیمەکان دەنوسی بۆ ئەوەی لەباجدان رانەکەن،و باجە کۆنەکانی وەك باجی جەژنەکانی نەورۆزو میهرەجانو باجی سەر پیشەو پیشەسازییەکانیان جارێکی تر گێڕایەوە.

لەمجۆرە بارودۆخەدا ناوچەکانی ئێران بەدەر نەبوون لەم حاڵەتانەو ئومەوییەکان ژمارەیەکی زۆر لەدیلەکانی شەڕیان کردبوو بەکۆیلەو کاریان پێدەکردن،و رقیشیان لەکارو پیشە بوو بۆ نموونە لەکاری کشتوکاڵ، هەروەها لەوەرگرتنی باجەکاندا توندوتیژییان دەنواند، لەمافەکاندا یەکسانی نەبوو بەتایبەتی

---

[4] علي ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي العام، لا329.
[5]محمد الغزالي: الاسلام والاستبداد السياسي، لا6، 158َ.
[6]محمد الغزالي: الاسلام والاستبداد السياسي، لا173َ.
[7]د. حسن قاسم العزيز: البابكية أوانتفاضة الشعب الأذربيجاني....، لا55.

لەكارە تايبەتىو گشتييەكاندا لەوانەش كارى سوغرەكردنو گرنگيدان بەرێگەو پردو بازاڕەكانو پرۆژەى تر....[8]

خەڵكى لادێ نشينەكان لەم بارودۆخە خراپەى سەردەمى ئومەوييەكان رزگاريان نەبوو بوو، دەتوانرێ بوترێ كە لادێ نشينو جوتيارەكان بەتايبەت ئەوانەى كە لەسنورە (مەرزييەكان)دا بوون زياتر لەشوێنەكانيتر بوو بوونە قوربانى زوڵمو ستەمى عەرەبەكان، لەم رووەوە ئەوان لەخەڵكانى تر زياتر ئاشناى بيروڕاى بزوتنەوەى شعوبيەتو موسڵمانە ناعەرەبەكان بوو بوون[9].

(ئيبن قوتيبە) لەمبارەيەوە دەڵێت: "لەنێوان نەتەوەكانى ترى غەيرى عەرەبە، ئەوانەى كە زۆرت دژ بەعەرەب بوونو زۆر رقيان لـێهەڵگربوون، هەرزە نەبەگييەكانو جوتيارانو لادێ نشينەكانى ئێران بوون، بەلآم گەورەكانو سەرەك خێڵەكان، كە خاوەنى پايەى بڵند بوون ئاينيان ناسيوەو پێيانوايە شەرەف بريتييە لەرِەچەڵەك"[10]. واتە مەبەستى ئەوەيە كە سەرەك خێڵەكان خۆيان لەگەڵ ئاينەكەدا گونجاندووە بۆ ئەوەى بەرژەوەندييەكانيان لەناو نەچێت، بەلآم ئەم قسەيەى ئيبن قوتيبە گوزارشتە لەوەى كە زوڵمو ستەمى ئومەوييەكان هێندە زۆر بووە كە خەڵكى لادێ نشينەكانيشى گرتۆتەوەو فيكرى نەتەوەكانى ترى غيرى عەرەب لەلاى ئەوانيش بڵاوبۆتەوەو گەشەى كردووە.

لەلايەن كۆمەڵايەتيشەوە جگە لەپيادەكردنى سياسەتى نايەكسانى نادادپەروەرىو دوور لەهەموو بەهايەكى ئيسلامىو مرۆيى ئەوا عەرەبەكان رەچەڵەكى خۆيان بەرز رادەگرنو هێرشيان دەكردە سەر رەچەڵەكى موسوڵمانە نا عەرەبەكانو خۆيان بەشێوەيەك ئەژمار دەكرد كە نەتەوەيەكن وێنەيان نييەو رەگەزييان هيچ رەگەزێكى تر لەرەگەزى ئەوان ناچێت، هەروەها موسڵمانە ناعەرەبەكانيان بەناو و نازناوى سوكەوە بانگ دەكرد، تەنانەت عەرەبەكان گاڵتەو سوكايەتيان بەدايكو باوكو لەدايكبووانى موسڵمانە ناعەرەبەكان دەكردو لەكاتێكدا باوكى ئەو مندالآنە لەخودى عەرەب خۆيان بوون، دايكيان لەرەگەزى ناعەرەب بوو، بلآم بەدوو رەگ (هجين) ناويان دەبردن[11]. لەهەمانكاتدا دەسەڵاتى ئومەوييەكان لەناوچەكانى ترى وەك قەفقاسو ئازەربايجانو...تاد، لەبارودۆخى نێوچەكانى ئێران خراپتر بوو، باشتر نەبوو[12].

---

[8]الطبري: تأريخ الطبري، ج3/لا2470.
[9]د. عبدالحسين زرين كوب: دوقرن سكوت، لا298.
[10]لەد. عبدالحسين زرين كوب: دوقرن سكوت، لا299، ەوە وەرگيراوە.
[11]عبد ربه الاندلسي: العقد الفريد، ج3/لا412.
[12]حسين قاسم العزيز: البابكية أو إنتفاضة....، لا 60.

سەرچاوەكان ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن كە ئومەوييەكان لەقەفقاسدا سياسەتێكى توندوتيـژيان پـەيرەو كـردووە لەجێگيركردنى دەسەڵاتەكەياندا و دەستيان گرتبوو بەسـەر زەوييـە بەپيتەكانيـدا، بەگشـتى بـارودۆخ لـەوڵاتى

**باسی دووەم:**

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت

هەندێ هۆکار بوو بەهۆی سەرهەڵدانو چەکەرەکردنی ئەم بزوتنەوەیە لەوانەش:

1–هۆکارە سیاسییەکان:

ئومەوییەکان هەر لەسەرەتای حوکمڕانیکردنی دەوڵەتەکەیانەوە کۆمەڵەکەی دەوڵەتەکەیان لەسەر رەگەزی عەرەبەبونیات نابوو، هەستی دەمارگیری عەرەبییان هێندە زۆر بوو کە لەنیوەی یەکەمی سەدەی یەکەمی کۆچیدا ئەو ناعەرەبەیانەی کە موسڵمان دەبوون بەبرای خۆیانیان ئەژمار نەدەکردن لەئاینەکەدا، چونکە عەرەب بەچاوی رقو نەتەوەیی عەرەبییەوە لەو سەردەمەدا دەیانڕوانییە ئەو بێگانانەی (الدخلاء) لەئاینەکەیان، وەك جیاوازییەك بۆ ئەو پرنسیپە جوانەی کە محەمەدو هاولەڵانی هێنابوویان لەدادپەروەریو یەکسانی لەئەركو مافەکاندا، لەبرایەتی نێوان هەمو موسڵمانانداندا لەسەرو جیاوازی نەتەوەییو چینایەتیو کۆمەڵایەتیو بارودۆخی کەسێتییان[13].

ئەم دەرمارگیرییەی ئومەوییەکان سەری کێشا بۆ دەرکردنی موسڵمانە ناعەرەبەکان لەدەوڵەتی ئومەوی کە هاتبوونە ناو ئیسلامەوە لەکاتی والآکردنی عەرەبی لەفارسو میسرو مەغریب[14]، لەکاتێکدا بەزانیارییەکانی ئیسلام دەبوایە رێزیان لـێ بگرتنایەو هاوبەشی ماڵو داراییان بکردنایە.

بەڵگەو نوسراوە مێژووییەکان لەوەدا خۆیان دەنوێنن کە ئومەوییەکان موسڵمانە نا عەرەبەکانیان بەکەم زانیوەو لەپایە گرنگەکانی دەوڵەت دووریان خستونەتەوە. ئەگەر والییەکیان دانابێت ئەوەیان لەبەرچاو گرتووە کە دەبوایە ئەو کاربەدەستە عەرەب بوایە، ئەگەر قازییەك یان پێش نوێژێکیان دابنایە دەبوایە لەرەگەزی عەرەب بوایە، ئەگەر لەم بەندو باوەش لایان بدایە عەرەبەکانی تر دەستیان بەشۆڕشکردنو داوای لەسەر کار لابردنی ئەو کاربەدەستە موسڵمانە ناعەرەبەیان دەکردو ئاژاوەیان دانایەوە[15].

لەروی سەربازییەوە قەدەغە بوو لەسەر ئەو موسڵمانە نا عەرەبانە کە بچنە ناو سوپای نیزامی عەرەبەکانەوە چونکە لەسەر بنەمایەکی رەگەزیو هۆزایەتی دامەزرابوو، لەکاتی پێویستیدا نەبوایە پشتیان بەموسڵمانە نا عەرەبەکان نەدەبەست، عەرەبەکان بەخۆبەخشو پیادە نەبوایە ئەوا قبوڵیان نەدەکرد،

---

قەفقاسدا خراپ بوو بەهۆی دەستبەسەرا گرتنی زەوییەکان و زۆری باج و رێگەی وەرگرتنی باجەکان و ناچارکردنی خەڵکی لەسەر باجدان و....بڕوانە البابکية أو.....لا69.

[13]بندل جوزي: من تأريخ الحركات الفكرية في الاسلام، ج1/لا42.

[14]علي ابراهيم حسن: التأريخ الاسلامي العام، لا328.

[15]د. حسين عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباي الأول، لا152.

لەکاتێکدا عەرەبەکان خۆیان لەسەر پشتی ئەسپەکان شەڕیان دەکردو مانگانەو موچەیان بۆ ئەو موسڵمانە نا عەرەبەکانە نەدەبڕییەوە وەك موچەیەی کە بۆ عەرەبەکانیان بڕیبوویەوە[16].

ئومەوییەکان ئەوەندە دەمارگیرو پەیوەستبوون بەرەگەزو نەتەوەکانی خۆیانەوە کە بەپلەی یەکەم سیاسەتکەیان لەسەر ئومەوێتی خۆیان (بنەماڵەی ئومەویە) پشت بەستبوو، پاشان لەسەر قورەیشن (هۆزی قورەیش) بەپلەی دووەم، پاشتر لەسەر عەرەبچێتییەکەیان بەپلەی سێیەم[17].

ئاستی مامەڵەی خراپی سیاسی ئومەوییەکان بەرامبەر بەنەتەوەکانی غەیری عەرەبەگەیشتبووە ئاستێك کە تەنانەت ئومەوییەکان بەناوی (تنیە)وە بانگیان نەدەکردن تەنها بەناو نازناوەوە نەبێتو لەریزی رۆیشتندا لەگەڵیان نەدەڕۆیشتن، ئەگەر خواردنیشیان بۆ ئامادە بکردنایە ئەوا عەرەبەکان خۆیان لەسەرووی ئەوانەوە دادەنیشتنو موسڵمانە نا عەرەبەکانیان لەپەراوێزی خوانەکەوە دادەنا، هاوکات خواردنیان بەگوێرەی تەمەنو باشیو زانستی دەدایە ئەوان ئەمەش بۆ ئەوەی کە بزانرێ ئەوانە لەرەگەزی عەرەب نین یاخود عەرەبەکان دەیانوت: "نوێژ ناپچڕێت تەنها بەسێ شت نەبێت: گوێ درێژ، سەگ، موسڵمانی ناعەرەب"[18].

هەندێك نوسەری تر لەو باوەڕەدان کە دەوڵەتی ئومەوی، دەوڵەتێکی عەرەبی بووە بەخوێنو گۆشتەوە، بەڵام رەنگە ئەم بۆچوونە تا رادەیەك وا نەبێت، چونکە هەر لەدەوڵەتی ئومەویدا عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە ئومەوی بووە، بچوکترین گیروگرفتی نەبووە لەمەڕ موسڵمانە ناعەرەبەکان، بەڵکو سیاسەتێکی ئیسلامییانەی رێکوپێکی هاوتا بەقورئانو سوننەت بەگشتی پیادە کردووەو بەڵام ئومەوییەکان لەسەردەمی هەندێ خەلیفەیاندا دەرمارگیربوون بۆ عەرەبو بەچاوی کەم رێزییەوە سەیری موسڵمانە ناعەرەبەکانیان دەکرد، بۆیە پشێویو ئاژاوە لەنێوان موسڵماناندا سەریهەڵدابوو، هەروەها گیانی شوعوبیەت بڵاوبویەوە. دامەزرێنەری ئەو بزوتنەوەیەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەرەب باشترین نەتەوەنو زمانەکەشیان بەرزترین زمانە[19]. بەڵام لێرەدا مەسەلەی خۆ بەزلزانینی عەرەبو شانازیکردن بەنەتەوەو زمانەکەیانەوە تاکە هۆکار نەبوو بۆدامەزراندنی ئەو بزوتنەوەیە، بەڵکو هۆکارێك بوو لەهۆکارەکان. مەسەلەکە رق بونەوەی عەرەب لەموسڵمانە نا عەرەبەکان لایەنی ئەدەبیاتیش گرتبویەوە، (ئەبولتەیب ئەلموتەنەبی) شاعیری عەرەب کە هەستێکی شۆڤێنیانەی عەرەبی هەبوو، رقێکی زۆری لەناعەرەب بو، دەیوات: "خەڵکی لەسەر رێو شوێ‌ی پادشاکانن، ئەو عەرەبانەی پادشاکانیان واتە (عەرەبن) سەرکەوتوو نابن، ئەم ناعەرەبانە نە ئەدەبیان هەیەو نە بنەچەو نە رەچەڵەك، نە پەیمانیان لەلا هەیەو نەویژدان، پێم بۆ هەر لایەك نا، چەند نەتەوەیەکم (أمم) دی کە وەك مەڕو بزن لەلایەن بەندەیەکەوە (مەبەستی شاعیر بەندە فارسەکانە)

---

[16] د. حسين عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباي الأول، ل152-153.
[17] د. نوري جعفر: الصراع بين الأمويين ومبادئ الاسلام، ل112.
[18] د. نوري جعفر: الصراع بين الأمويين ومبادئ الاسلام، ل114.
[19] د. حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي والديني...، ج1/ل324

لێیان دەخورِی، ئەو بەندەیەی کە لەوەو پێش نینۆکی هێندە درێژبوو قەڵەمی پێدادەرا کەچی ئێستا وای لێهاتووە، کە دەست دەدات لەئاوریشم، ئاوریشمەکە بەزبر دەزانێ"[20].

لەراستیدا لەم قسەیەی (موتەنەبی)دا ئەو پەڕی دەمارگیری بەدی دەکەین، بەشێوەیەك هێرشی کردۆتە سەر نەتەوەکانی ترو بەتایبەت فارسەکان کە رەچاوی هیچ بنەماو بەهایەکی ئاینیو مرۆیی نەکردووە، لەکاتێکدا ئەم وشانە روبەڕووی دەقو بنەماکانی ئیسلام دەکەینەوە زۆر پێچەوانەی یەکترن و سادەترین میانەی بەیەککەیشتن لەنێوانیاندا بەدی ناکەین. دەرماگیریو شۆڤێنییەتی سیاسی هەندێ لەئومەوییەکان هێندە توندوتیژبوو، تەنانەت وای لەهەندێ عەرەبیش کردووە، بەربەرەکانێی ئەم سیاسەتە بکەنو ئەندازەی ئەوەی دوژمنایەتی بەرامبەر عەرەبو عەرەبایەتیش بکەن. بۆ وێنە (طبري) باسی عەرەبەێکی خاوەن دەسەلآت بەنێو (حميد قحطبة الطائي) دەکات کە لەخۆراسان وتاری داوە بۆ خەڵك ووتویەتی: "عەرەب تا ئەو کاتەی بەدادپەروەریو ویژدانەوە هەڵسوکەوتیان دەکرد، مافی ئەوەیان هەبوو فەرمانڕەوابن، بەڵام ئێستا لەرێی دادپەروەری لایان داوەو خۆیان جیهان ئێوەی زاڵکردووە بەسەر ئەواندا کە تۆڵەیان لـێبکەنەوە"[21].

پێدەچێت لێرەدا دژایەتیکردنی هەندێ عەرەبیش دژ بەسیاسەتە دەمارگیرییەکانی هەندێ لەئومەوییەکان بۆ بوونی ئەو ململانێ خێڵایەتییە بگەڕێتەوە کە لەنێوان هەندێ هۆزدا لەو سەردەم ئامادەیی هەبوو. هەر ئەم هەستە شۆڤێنییەی ئومەوییەکان بوو کە وای لێدەکردن رقێکی تەواویان لەنەتەوەکانی تری غەیری عەرەب هەبێت، بەتایبەتیش هەستی رەگەزی بەرامبەر بەگەلی ئێرانی کاریگەری هەبوو لەسەر پێگەیشتنو پەرەسەندنی بزوتنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب[22] و تا رادەیەکیش ئومەوییەکان ئەو موسڵمانە نا عەرەبانەیان لەکاروبارە سیاسییەکان دوور دەخستەوە.

2–هۆکارەکۆمەڵایەتییەکان:

بەڵگە مێژووییەکان لەدەوری ئەوە دەسورێتەوە کە عەرەب خۆیان بەز راگرتووە بەسەر موسڵمانە ناعەرەبەکاندا، بەراشکاوی رەچەڵەکی ئەوانیان تێك شکاندبوو، عەرەب خۆیان بەتەنەوەیەك ئەژمار دەکرد کە هاوشێوەیان نەبێت، پاڵنەریشیان لەم باوەڕەوە خۆ بەزل زانینو لەخۆ رازی بوونو ئەو سەرکەوتە گەورەیە بوو کە بەدەستیان هێنابوو بەسەر فارسو رۆمداو هەستیان بەگەورەییو پایە بەرزی دەکرد،و بەچاوی گەورەوە خزمەتکار (مسود)ەوە سەیری ژێر دەستەکانیان دەکرد. ئەگەر یەکێك لەنەتەوە موسوڵمانە ناعەرەبەکان بمردایە ئەوا دەیانگوت: "هو مال الله ياخذ من يشاء ويدع من يشاء" وە ئەگەر بیانویستایە

---

[20]لەجەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کـرد نـەبیری قەومیـەتی رۆژهەڵاتـەوە نـەبیری ناسـیۆنالیزمی رۆژئاوایـە، لا21–22وە وەرگیراوە.

[21]تأريخ الطبري، ج9/لا106، هەروەها برِوانة احمد امين: ضحى الأسلام، ج1/لا35.

[22]د. حسين قاسم العزيز: البابكية او انتفاضة الشعب الأذربيجاني ضد الخلافة العباسية، لا92.

ژنێکی موسڵمانی نا عەرەب مارە بکەن داوایان لەباوکو برای کچەکە نەدەکرد، بەڵکو داوایان لەخاوەنەکەی دەکرد ئەگەر رازی بوایە مارەیان دەگرد، ئەگەر نا هەڵدەوەشێنرایەوە، چونکە مارەبڕینی باوکو برا بەبێ رەزامەندی گەورەکەیان هەڵدەوەشێنرایەوە[23].

دەبینین ئافرەتو کچانی موسڵمانە ناعەرەبەکان شوکردنیان بەدەست خۆیان نەبوو، واتە ئازادی بڕیاردان لەچارەنوسی ژیانی هاوسەرێتی خۆی کە ئەوە مافێکی سروشتیو سەرەتاییو مرۆیی رەوای خۆیانە، کە لەراستیدا ئەم مامەڵەیە دوورە لەبنەماکانی ئیسلامو مامەڵەی کرداری پێغەمبەرەوە "د.خ". هەروەها جاری وا هەبووە کار لەمەدا نەدەوەستا، بەڵکو کاتێك عەرەبێك کەنیزەکێکی فارس یان رۆمی یان هەر ناعەرەبێکی تریان مارە بکردایە کە پێی دەوتر (سریە)، ئەوا بەمنداڵەکەیان دەوتو دوو رەگ (هجین) کە لەلای عەرەبو لەزمانی عەرەبیدا بەمانای خەوشدار (معیب) دێت، ئەو دوو رەگەش بەچاوێکی یەکجار نزم تەماشا دەکرا.

لەم بارەیەوە شاعیری عەرەب (الریاشی) دەبێژێ:

إن اولاد السراري كثر يا رب فينا
رب أدخلني بلاداً  لا أرى فيها هجيناً

واتە: منداڵی کەنیزەکان، خوایە زۆر بوون لەنێوانماندا، خوایە بمخەرە وڵاتێکەوە کە دوو رەگ نەبینم تیایدا[24]، کە مەبەست پێی منداڵی موسڵمانە نا عەرەبەکان بوو.

لەکاتێکدا دەبینین ئەو منداڵەی کە پێی دەوتر دووڕەگ ئەوا لەسەرێکییەوە کە (باوکەکەی عەرەب) بوو دەگەڕایەوە بۆ عەرەب خۆیان، بەڵام هەستی شۆڤێنیو دەمارگیرییان وای لێدەکردن ئەو شێوازە مامەڵەکردنە ئەنجامبدەن کە لەهەردوو بارەکەدا لەگەڵ دەقەکانی قورئانو فەرمودەدا وێك نایەتەوە، تەنانەت لەقورئانی پیرۆزدا ئەوە هاتووە کە ئەگەر ئافرەتێك لەگەڵ پیاوێکدا نەك بەشێوەی دروست بەڵکو کاری خراپە (زینا) ئەنجام بدات: دوای جێگیربوونی کارەکە لەسەریان بەچوار شاهیدو هەندێ پێداویستی ترو سزادانی ئافرەتو پیاوەکە. ئەوا ئەو منداڵەی لەئەنجامی ئەو کارەوە لەدایك دەبێت بەکەسێکی پاكو بێ لەکە لەتێڕوانینی قورئانی ئەژمار دەکرێ، چونکە هیچ تاوانێکی نەبووەو مافی بەخێوکردنیشی هەیە لەئیسلامدا، ئافرەتەکەش نابێت لەلایەن موسڵمانانەوە بدرێتە بەر توانجو پلارو قسەی پێ بوترێت[25].

3–هۆکارە ئابورییەکان:

[23]د. حسين عطوان: الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول، ل151-152.
[24]جمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کورد...، ل22.
[25]د. قحطان عبدالرحمن اتلدوري: صفوة الأحكام من نيل الاوطار وسبل السلام، ل295.

بارودۆخی نەتەوەكانی غەیری عەرەب لەروی سیاسیی‌و كۆمەڵایەتییەوە خراپ بوویێت، ئەوا هیچ گومان لەوە ناكرێت كە رەوشی ئابوریشیان رەنگدانەوەی هەردوو بواری سیاسیی‌و كۆمەڵایەتی پێوە دیار بووە، چونكە بەشێكی گەورەی گرفتو كێشەی نەتەوەكانی غەیری خۆی لەكایە ئابورییەكەدا دەبینێتەوە بەهۆی (باجی زۆرو خراپی رێگەی وەرگرتنی باجو سەپاندنی باجی زیادەو..تاد).

ئومەوییەكان كاروباری داراییان لەولاتە والاكراوەكاندا پێشگوێخستبوو، ستەمیان لەخەڵكەكە موسوڵمانە ناعەرەبو ئەهلی زیمە دەكرد، بەردەوام داوای سەرانەیان لەموسڵمانەكانیان دەكرد، لەوەرگرتنی باجو سەرانەدا توندوتیژیان دەنواند، كۆدەوەكانی (حجاجی كوڕی یوسفی سەقەفی) بەرامبەر بەموسڵمانی ناعەرەبو ئەهلی زیمەو لەبەسرە پاش شۆڕشەكەی (عبدالرحمن كوڕی الآشعث)ی بەرپایان كردو بەمەش ژمارەیەكی زۆرییان لەگوندەكانەوە بۆ شارەكان كۆچیان كرد، هەر بۆیە تەنگە تیلكەیەتی عەرەبییە بوو بەهۆی ئەوەی موسڵمانە ناعەرەبەكان لەكۆتایی فەرمانڕەوایی ئومەوییەكاندا داوای (وەك یەك)ی لەگەڵ عەرەبدا بكەن، ئەم بزوتنەوەیەش وای لەعەرەبەكان كرد كە ناوێكی تازە بدۆزنەوە بۆی‌و لەبەر ئەوە لەسەرەتای سەردەمی عەبباسییەكان‌و كۆتایی دەسەلاتی ئومەوی، بەم موسڵمانە ناعەبانەیان دەوت (شعوبی) ئینجا ئەم (شعوبی) یانە هێزێكیان پەیداكرد، لافی ئەوەیان لێدەدا، كە گوایە فارس لەعەرەب بەرزترن چ لەزمان زانین‌و چ لەشەڕدا، عەرەبەكان ناتوانن بیانگرنەوە[26]. هاوكات لەلایەن زانا فارسەكانەوە چەندین كتێب دژ بەعەرەبو رەچەڵەكو زمان‌و ئاینیان نوسراوە، وەك (المیدان في المثالب)ی (علاني كوڕی وراق)و (كتاب فضل العجم علی العرب)ی (اسحاق)ی كوڕی سلمەی فارسی)....[27]

هەروەها كاتێك رێژەی خەراج كەم بویەوە، حەجاج بەتۆپزی ناردییەوە بۆ گوندەكان‌و شوێنەكانی خۆیان‌و فەرمانیكرد بەگێرانەوەیان،و سەرانەشی لەو كەسانە هەر دەسەند كە موسڵمان بوو بوون[28]. تەنانەت (فلهاوزن) دەڵێت: (حەجاج موسڵمانە ناعەرەبەكانی گێرایەوە بۆ گوندو شارە دێرینەكانی خۆیان‌و لەسەر دەستی هەریەكەیان (لەهەندێ سارچاوە گەردن‌و مەچەك هاتووە) ناوی ئەو گوندەی هەڵدەكۆڵی كە بۆ دەرنارددەوەو پێی دەوتن: ئێوە علوجو عەجەم...."[29].پاش ئەم مامەڵە خراپەی حەجاج دەبینین سكالا بەرز دەبێتەوە، وەك ئەو سكالایەی كە (ابي صیداني صالح–ی كوڕی طریف) كە مەوالی (خبە) بوو، بەرزی كردەوە بۆ خەلیفە عومەری كوڕی عەبدولعەزیز، كە باس لەتەنگ پێ هەڵچنینی جراحی كوڕی عەبدوڵای حەكەمی فەرمانداری خۆرسان دەكات كە بەكاریهێناوە لەسەر خۆراسان بۆ موسڵمانانی دانیشتوانە رەسەنەكەی، لەو سكالا نامەیەدا هاتووە كە (20) هەزار لەئەهلی زیمە موسڵمان بوون، بەلام هەر سەرانەیان

---

[26] جمال نەبەز: بیری نەتەوەیی كورد....، لا22-23.

[27] د. حسین فاضل زعین: مؤامرة الفكر الشعوبي علی الأمة العربیة في العصر العباسي، گۆڤاری (دراسات للأجیال) ژمارە (1)، لا306-307.

[28] الجاحظ: الحیوان، ج7/لا165.

[29] الدولةالعربیة وسقوطها، لا230.

لێ ئەسێنرێت[30]، هەروەها وتراوە کە فەرمانداره‌کانی خۆراسان یارییان بەباجو سەرانەی ناوچەکە کردووە تا رۆژگاری نەسری کوڕی سەیار کە پلان نامەیەکی چاکسازی دارایی راگەیاندو بە(مەنصوری کوڕی عومەر)ی راگەیاند کە جێبەجێی بکات. هەروەها (30) هەزار موسڵمان هاتنە لای کە سەرانەیان لێدەسەندرا، (80-) هەزار بێ باوەڕ لەو سەرانەیە بەخشار بوون، نەصری کوڕی سەیار ئەمەی هەڵگێڕایەوەو لەسەر موسڵمانەکانی لابرد[31]. رەنگە ئەم ژمارەیە زۆرە زیادە رەوییەکی تێدا بێت بەو مانایەی کە ئەوەندە نەبوو بێت، بەڵام زانیارییەکە گوزارشت لەبوونی ئەو شێوازە مامەڵەکردنە دەکات.

هەروەها بارودۆخی خەڵکی سەمەرقەند لەخۆراسان شڵەژاوتر بووە، بەهێزترین بەڵگەش لەو بارەیەوە (طبري) بۆمان دەگێڕێتەوە ئەوەیە کە: (اشرسی کوڕی عبدالله سولەمی) بانگی خەڵکە ناموسڵمانەکانی سەمەرقەندو (ماوراء النهر)ی کرد بۆ ئەوەی موسڵمان ببن لەبەرامبەردا سەرانەیان لەسەر هەڵبگرێت، ئەوانیش وەڵامیاندایەوە، بەڵام کە موسڵمان بوون، (اشرس) سەرانەی لەسەر لانەبردن‌و سوربوو لەسەر وەرگرتنی سەرانە لێیان: ئەوانیش بانگی شەڕیان لەدژی دا[32].

کاربەدەستە ئومەوییەکان مومارەسەی زۆر شێوە چەوساندنەوەیان دەکردو کاریان بەخەڵکی دەکرد بەرقەوە، رێژەی باجەکانیان زیاد دەکردو لەو کەسانەشیان وەردەگر کە بەخشاربوون لەباجدان دوای موسڵمان بوونیان، (د. عبدالعزیز الدوري) دەڵێت: (ئومەوییەکان مۆری قورقوشمیان لەگەردنی موسڵمانە ناعەرەبو ئەهلی زیمەکان دادەنا لەجوتیارەکان کەناوی شوێنەکانیان لەسەر دەنوسی بۆ ئەوەی لەباجدان رانەکەن[33] و وەکیلی شوێنەکانیان دەترسان لەبڵاوبوونەوەی ئیسلام چونکە دژی بەرژەوەندییەکانیان بوو[34].

لەلایەکیترەوە عەبدولمەلیکی کوڕی مەروان کاتێ هەستا بەئەنجامدانی چەند ریفۆرمێك لەبواری ئابوریدا کاری کردە سەر بزواندنی هەستی نەتەوەکانی غەیری عەرەب بەتایبەتی هەستی فارسەکان، عەبدولمەلیك چاکسازی کرد لەبواری کارگێڕی وڵاتەکەیدا دوای کۆکردنەوەی تواناو یەکخستنی قسەکانی وەك رووپێوکردنی زەوییەکان بەرووپێوێکی تازەو تۆمارکردنی لەتۆمارە نوێیەکان بەزمانی عەرەبیو رێکوپێککردنی کە لەگەڵیاندا هیچ یەکێك لەخاوەن زەوی نەتوانێ یاری بەرێژەی زەویو جۆرەکەیو باجەکەی بکات[35].

هەروەها عەبدولمەلیك چاکسازییەکی تری ئەوە بوو کە پارەی کۆنی کشاندەوە کە دراوی رۆمی بوو لەجێگەیدا دراوی عەرەبی لێداو دواتر زمانی عەرەبی کرد بەزمانی رەسمی بۆ بەکارهێنانی لەبەڵگەنامەو

---

[30] الطبري: تأريخ الطبري، ج6/لا559.
[31] الطبري: تاريخ الطبري، ج7/لا172
[32] تاريخ الطبري، ج7/لا55.
[33] العصر العباسي الاول، پيچشەکی، لا9، 84.
[34] حسين قاسم العزيز: البابكية او انتفاضة الشعب الاذربيجاني...، لا69.
[35] بندلي جوزي: من تأريخ الحركات الفكرية،...، ج1/لا50.

نوسراوە ڕەسمیەکاندا، بەگۆڕینی زمانە یۆنانیو قیبتیو فارسییەکان تا ئەو کاتە بەکاردەهات لەسوریاو میسرو وڵاتی عەجەم[36].

دەربارەی خراپی سیاسەتی ئابورییانەی ئومەوییەکان بەرامبەر بەقیبتیەکان نوسەری قیبتی (سویرس) سکاڵای حاڵی ئومەتەکەی دەکات کە لەکۆتاییەکانی خەلافەتی ئومەویدا دەڵێت:"زۆرێك لەدەولەمەندو هەژارەکانی نەتەوەکەمان ئینکاری ئاینی مەسحییان دەکردو رایان دەکرد لەسەرجەم باجو سەرانەی سەپێنراو"[37]. ئەمەش پێچەوانەی مامەڵەی پێغەمبەرو خەلیفەکانی راشیدینو تەنانەت عومەری کوڕی عەبدولعەزیز خەلیفەی ئومەوی خۆیان بوو کە لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی خۆیدا (632–644ك) دەیویست عەرەبەکان وای لێبکات هێمنانە لەگەڵ گەلانی وڵاتە داگیرکراوەکاندا بجولێنەوەو ئەو ناعەرەبانەی دەبوونە موسڵمان. باجی سەری (جزیە) لێ نەدەسەندنو خەراجو باجی زەویو زاریشی هەڵدەگرت لەسەریان[38].

ئەمەی سەرەوە دەکرێ بەهۆکاری سەرەکی بزاڤی شعوبیەت دابنرێت، کە هیچ دەقێکی ئاینی پشتگیری لەم شێوە هەڵسوکەوتانەی ئومەوییەکانو کاربەدەستەکانیان ناکات بەرامبەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب.

### باسی سێیەم

### فاکتەرە یارمەتیدەرەکانی گەشەکردنی بزاڤی شعوبیەت

هەندێ فاکتەری تر هۆکاری سەرەکیبوون لەروخاندنی دەسەڵاتو دەوڵەتی ئومەوییەکاندا، بەڵام دەتوانین بڵێین فاکتەری یارمەتیدەریش بوون بۆ زیات گەشەکردنی بزوتنەوەی شعوبیەت، کە هەندێ لەسەرچاوە مێژوویەکانیش ئاماژەیان پێکردووە وەك:

*دەست بەسەراگرتنی خەلافەتی موسڵمانان لەلایەن بنەماڵەی ئومەوییەکانەوە بەزەبری هێزو دورکەوتنەوە لەپرنسیپی راوێژکردنو (الشوری)و زۆرجار فەرمانڕانیکردنی بەئارەزوو هۆشی خۆیان لەلایەن هەندێ لەخەلیفەکانەوە، وەك سلێمانی کوڕی عەبدولمەلیك کاتێ کە دەسەڵاتی گرتە دەست وەلید وەیستی دەری بکات لەجێنشینی بەئەنقەست بۆ هەر یەکێك کە ئارەزووی لەگەڵ وەلییدا هەبێت، بۆ ئەمەش محەمەدی کوڕی قاسمو قتیبەی کوڕی موسلیمی باهلی لەناو بردووە، کە دوو سەرکردەی مەزن بوون، کە هیچ تاوانێکیان نەبوو تەنها ئەوە نەبێت کە حەجاج ئارەزووی لەگەڵ وەلییدا هەبووەو ئارەزووی بەلای سلێماندا نەبووە[39].

---

[36] عباس عبدالكريم: کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، لا 78.

[37] لەبندلي جوزي: من تاريخ الحركات الفكرية، ج1/لا46وە وەرگیراوە.

[38] جەمال نەبەز: بیری نەتەوەیی کورد...، لا 31.

[39] الشيخ محمد الخضري بگ، محاضرات تاريخ الأمم الاسلامية، ج221/2.

لەكاتێكدا ئومەوییەكان جڵەوی خەلافەتیان بەزۆر گرتە دەستو بەزۆرداری مامەڵەیان دەكرد، دەبینین ئایینو زۆدارری دوو دژن پێك ناگەن، زانیارییەكانی ئاین كۆتایی دێت بەوەی كە خەڵكی خودای خۆیان بەتاكو تەنهایی بپەرستن، بەڵام رێو رەسمی زۆرداری هەڵیان دەگێرێتەوە بۆبن پەرستییەكی كوێرانە، هاوكات ئیسلام دژی تاوانو زوڵمە لەپێغەمبەر "د.خ" دەگێرنەوە كە خودا فەرمویەتی:"ئەی بەندەكانم لەسەر خۆم ستەمم حەرام كردووە،و لەنێوان ئێوەشدا حەرامم كردووە، ستەم مەكەن..."[40] هاوكات هەندێ خەلیفەی ئومەوی پادشای دونیایی بون[41]، هەر بۆیە پێغەمبەر "د.خ" بە(پادشای قاپگر) ناویان دەبات.

*زیندو كردنەوەی گیانی دەمارگیریو هۆزایەتی نەمفامی، كە زیاتر لەدوای مردنی عەمەری كوڕی عەبدولمەلیك دەركەوت، وەلیدی كوڕی عەبدولمەلیك چووە تەنیشت هۆزی (مضري)یەكانەوە، هەتاوەكو رەگەزی (یەمەنی) لاواز كرد، بەڵام هیشامی كوڕی عەبدولمەلیك سیاسەتی بەرەو روی هەریەكە لەمضریو یەمەنییەكان جێگیر نەبوو، بەڵام دواتر لایەنگیری بۆ مضرییەكان دەربڕێ لەبەر ئەوەی دایكی لەهۆزی مضری بوو، هەروەها یزیدی كوڕی عەبدولمەلیك لایەنگیری یەمەنییەكان بوو چونكە ئەوان یارمەتییان دابوو لەگەیشتن بەخەلافەت، یەمەنیەكان تۆڵەیان لەمضریەكان سەندەوەو شۆڕشیان لەحیمصو فەلەستینو ئەردەن بەرپا كرد، لەسەردەمی (مروانی كوڕی حكم) ململانێی هۆزایەتی گەیشتە ئاستێكی سەخت، بەتایبەت ئەو كاتەی كە مەروان خەلافەتی كەوتە دەست لە(جابیة) ساڵی 64ك، بەیعەتیان پێدا، دواتریش دوای روداوی (مرج راهط) ساڵی 65ك، كە زوحاك كوژرا ئاگری تیرەگەرێتی كڵپەی سەند نەك تەنها لەشام بەڵكو لەهەموو ویلایەتە ئیسلامیەكان داو بەتایبەتیش لەخۆراسان[42].

لێرەدا باس لەناكۆكی هۆزایەتی نێوچەكانی خۆراسان كراوە كە بەمەڵبەندێكی بزتنەوەی نەتەوەكانی غەیری عەرەب دادەنرێت، چونكە خۆراسان هەر لەسەرەتاوە وڵاتێكی فارس نشین بوونو موسڵمانەكان واڵایان كردبوو، كە بێگومان لەسەردەمی دەسەڵاتی ئومەوییەكاندا وێرای خراپی بارودۆخی سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتی، كە كاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر دەركەوتنی بزاڤی شعوبیەت ئەوا سەرهەڵدانی ناكۆكی هۆزایەتی لەخۆراسان هێندەی تر هۆكاری یارمەتیدەر بوو بۆ گۆشە سەندنو بڵاوبونەوەی بزاڤی نەتەوەكانی غەیری عەرەب، بەتایبەتیش فارسەكان كە رابەرایەتی ئەو بزوتنەوەیە دەكرد.

*مەسەلەی جێنشینی (ولاية العهد) هۆكارو فاكتەرێكی تر بوو لەتێكدانو دووبەرەكی دروستكردن لەنێوان بنەماڵەی ئومەویدا، كە بنەماڵەی مەروان لەهەندێ سەردەمدا بەدوو كەس فەرمانڕانییان دەكرد، یەكەم كەس كە ئەم كارەی كرد (مەروان) خۆی بوو كە جێنشینیەكەی (عەبودولمەلیك) بوو، عەبدولمەلیك

---

[40] محمد الغزالي: الاسلام والاستبداد السياسي، لا6، 156.
[41] سامي زبيدة: الاسلام، الدولة، المجتمع، ترجمة عبدالله النعيمي، لا32.
[42] علي ابراهيم حسن: التاريخ الاسلامي العام، لا289-292.

دەستیكرد بەدوبەرەكیو كەوتە كەرتكردنی ئەم بنەماڵەیە بەشێوەیەك ویستی جێنشینەكەی بگۆڕێت بۆ وەلیدی كوڕیو براكەی كەنارگیركرد[43].

پشتگوێخستنی بنەمای راوێژ (الشورى)و سەپاندنی سستمی پشتاوپشت كاردانەوەیەكی خراپی هەبوو، هەم لەو رووەوە كە حساب بۆ ئەو مەرجانە نەدەكرا كە دەبوایە لەخەلیفەدا هەبوایە، هەم لەو روەشەوە كە بیورای خەڵكی گشتیو هەڵویستی زانیانی ئیسلام پشتگوێخرا.

*لاواز بوونی هەستی نەتەوە (عامەی موسلّمانان) بەوەی كە سەرچاوەی دەسەلاتەو ئەمیری موسلّمانان بەرپرسە لەكاروباری ئەو نەتەوەییو ئەوان هەڵیان بژاردووە، بەلاّم فەرمانڕەوایەتی تاك بریتیە لەگەورەیەك كە نفوزی سایەو دەسەلاّتی رەهای هەیەو خەڵكی شوێن كەوتەی ئامادەكانی ئەو فەرمانڕەوا تاكەن[44].

كەوابوو لێرەدا بۆمان دەردەوێت كە ئەم هۆكارانەی روخانی دەوڵەتی ئومەوی كاریگەری گەورەیان هەبوو لەسەر گەشەكردنی بزاڤی شعوبیەت.

بەشی سێیەم

كاریگەرییەكانی بزوتنەوەی شعوبیەت

باسی یەكەم

كاریگەری لەسەر بیری ئیسلامی

باسی دووەم

كاریگەری لەسەر دەوڵەتی عەبباسی

باسی سێیەم

كاریگەری لەسەر نەتەوەكانی غەیری عەرەب

**باسی یەكەم**

**كاریگەری لەسەر بیری ئیسلامی**

---

[43]الشيخ محمد خضري بگ: محاضرات تاريخ الأمم.....، ج222/2-223.

[44]محمد الغزالي: الاسلام والاستبداد السياسي، لا178-179.

کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر بیری ئیسلامی دەمانگێڕێتەوە بۆ خاڵێکی گرنگتر ئەویش ئەوەیە کە تا چەند بزوتنەوەی شعوبیەت هەڵگری باکگراوندێکی فیکری بووە؟ بەو مانایەی تا چ رادەیەك فیکرو ئایینو شارستانێتیو رۆشنبیری نەتەوەکانی غەیری عەرەب ئامادەییان لەو بزوتنەوەیەدا هەبووە؟ بۆ ئەوەی بزانین کاریگەری لەدوا خۆی بەجێهێشتووە یان نا....

فارسەکان رەگەزێکی سەرەکییان لەو بزوتنەوەیەدا پێکدەهێناو هەر لەکۆنەوە خاوەنی ئایینو شارستانێتیو کلتوری خۆیان بوون، کە مێژوویەکی دێرینی هەبووەو لەسەردەمی پێشووەکانەوە بەزۆرێك لەزانستەکان بەگشتیو زانستە عەقلییەکان ئاشنا بوو بوون کە هەندێ سەرچاوە بەکانگای زانست پێش ئیسلامو دوای ئیسلامیش ناوی بردووە(1).

پێغەمبەر "د.خ" لەراڤەکردنی ئایەتی (وَإِنْ تَتَوَلَّوْا يَسْتَبْدِلْ قَوْمًا غَيْرَكُمْ ثُمَّ لَا يَكُونُوا أَمْثَالَكُمْ) ئایەتی 38 سورەتی محەمەد، لەکۆڕو کۆبونەوەیەکدا ئاماژەی بەسەلمانی فارسی کردو دای بەسەرشانی داو فەرموی: "ئەمەو هۆزەکەی ئەگەر ئایین بچێتە سەر ئەستێرەی سورەییا ئەوا پیاوانێك لەفاس دەستیان دەیگاتێ"[2].

هەروەها ئیبن خەلدون دەبێژێ: "هەڵمەتی زانست لەئیسلامدا زۆربەیان عەجەمەکان بوون."[3] ئەمەش ئاماژەیە بۆ دەستپێشخەریو شارەزایی فارسەکان لەزانستەکاندا، بۆیە کاتێك هاتنە ناو ئیسلامەوە توانیان خزمەتێکی زۆر بەرۆشنبیریو زانستە ئیسلامییەکان بکەن، بەشێوەیەك ئەگەر موسڵمانەکان پێویستیان بەراڤە کردنو دەرهێنانی ئەحکامی شەرعی هەبوایە ئەوا لەقورئانو سوننەتدا بەتەنها خۆیان نەیاندەتوانی ئەو کارە بکەن، بەڵکو لێرەدا پێویستیان بەداناو سود لێوەرگرتنی رێسای نەحوی (قوانين النحو) هەبوو، بەمەش دەبوو سود لەزانستەکانی فارس وەربگرن، چونکە ئەوان لەکۆنەوە خاوەنی شارستانێتییەکی رەگ داکوتاو بوون، بەڵگەش لەسەر ئەمە دارێژەرو داهێنەری زانستی نەحو (سیبویە)ی بوو کە بەرەچەڵەك فارس بووە، هەروەك هەڵمەتی فەرمودە ئەوانە کە بەموسڵمانیان لەبەر دەکرد هەر عەجەمەکان بوون[4]. لەهەمانکاتدا موسڵمانە نا عەرەبەکان رەگەزێکی دیاربوون لەبزاڤی زانستی داو گوڕیان دایە توێژینەوە زانستییەکانیان[5].

خاڵی یەکەمی کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر بیری ئیسلامی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نەتەوەکانی غەیری عەرەب بەتایبەتی فارسەکان کە ئەو شۆڕشەیان بەرپاکرد خاوەنی شارستانێتیو رۆشنبیری فارسی خۆیان بوون بەتایبەت بنەماو پرەنسیپی فیکری فەلسەفی ئایینی زەردەشتیو مانەوی کە سەردەمێك بوو

---

[1]د. محمود اسماعيل: تاريخ الحضارة العربية الاسلامية، لا126.
[2]ئیبن کثیر: تفسير القرآن العظيم، ج4/لا185.
[3]المقدمة: لا478.
[4]د. شكري فيصل: المجتمعات الاسلامية في القرآن الأول، نشأتها، مقوماتها....، لا112.
[5]احمد أمين: فجر الاسلام، لا104.

لەناو فارسەکاندا بڵاوبوونەوە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر فیکری ئیسلامی هەبوو لەروی لێکچونی زۆر زانیارییان لەمەڕ گەردوونو مرۆڤو بابەتەکانی تر، لەلایەکی تریشەوە کاریگەرییان هەبوو لەسەر دەرکەوتنی تەفسیری جیاواز بۆ دەقەکانی قورئانو گروپو ئاتیزاکانی تری وەك موعتەزیلەو تەسەوف...تاد.[6].

زۆرێك لەفارسەکان کەسانی زاناو فەیلەسوف ئەدیبو بیرمەند بوون وەك نمونەی (فارابیو زجاجو سیبویەو ئیبن مقفعو..تاد، کە کاریگەری خۆیان لەسەر بیری ئیسلامی هەبوو.

سەبارەت بەکاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر فیکری ئیسلامی، دەبینین فارسەکان بڕوایان بەهێزە سروشتییەکان هەبووە، یەکێك لەو کاریگەرییانەش کاریگەری ئاینو فیکرو فەلسەفەو زەردەشتی بووە لەسەر جیهانبینی فیکری موسڵمانان، چونکە زۆربایەتی فیکریو فەلسەفی کە لەئاینی زەردەشتیدا باسیان لێوە کراوە. لێك نزیکییەکی تەواوی لەگەڵ چەند بۆچوونو تێڕوانینو لێکدانەوەیەکی فیکری ئیسلامیدا هەیە بەتایبەتی کاریگەری زانیاریو تەعالیمەکانی زەردەشتی زیاتر لەسەر ئاستی گروپە ئیسلامییەکان دەرکەوت وەك قسەی موعتەزیلە دەربارەی جەبرو ئیختیارو وتەو بیروڕای ئەهلی تەسەوف لەمەڕ دابەشکردنی نەفس، کە زیاتر ئەو تێڕوانینە فیکرییانە لەفیکرو جیهانبینی زەردەشتییەوە وەرگیراون[7].

بەهاتنە ئارای دەوڵەتی عەباسی کە نەتەوەکانی غەیری عەرەب رۆڵێکی سەرەکییان گێڕا لەسەرخستنیدا، ئەو بوارە باشتر راخسا بۆ دەرکەوتنو دەستپێکردنی کاریگەری بزاڤی شعوبییەت لەسەر بیری ئیسلامی، چونکە نەتەوەکانی غەیری عەرەب سەرەڕای ئەوەی هەر لەسەرەتاوە بەشداربوون لەسەرکەوتنی دەوڵەتە نوێیەکەو لەبەڕێوەبردنی کاروبارەکانی ئەو دەوڵەتەدا، ئەوا دەستیان کرد بەداڕشتنو فراوانکردنی ئایدیۆلۆجیای دەوڵەتی عەباسی کە پێشتر لەسەری دامەزرابوو، واتە پێکهێنانی ئیسلامی کلاسیکی کە لەململانێی کۆمەڵایەتییەکانەوە کلێەی سەندبوو لەنێوان کۆمەڵەی هەڵگەڕاوەکانو گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا، بەشێوەیەك وایکردبوو لەدەوڵەتی ئومەوی کە دەوڵەتێکی تەسكو داخراوی بێت لەروی ئایدیۆلۆجیو فیکریو رەگەزیو ئابوورییەوە، لەکاتێکدا چەندین نەتەوەو شارستانێتی جیاواز وەك فارسو سریانیو یۆنانیو مەسیحیی ئارامیو..تاد،ی تێدا بوو کە هەریەکەو خاوەنی کلتورو رۆشنبیری خۆیان بوون، لێرەدا ئەرکی رۆشنبیرانی ناو بزوتنەوەی شعوبیەت لەهەمە جۆری ئاراستەکانەوە کاریان دەکرد لەێناوی داڕشتنی ئادیۆلۆجیایەکی ئیسلامی بۆ روێناکردنو وەرگرتنو هەزمکردنی رەگەزە نوێیەکان[8]. بەشێوەیەکوا لەدەوڵەتی عەباسی بکەن کە سیمای دەوڵەتێکی کۆسمۆپۆلێتی سیاسی وەربگرێت، کە یەك پیاوی ئازاد فەرمانڕانی دەکرد ئەویش خەلیفە بوو، نازناوی ئیمامیشی هەڵگرتبوو لەتەنیشت نازناوی خەلیفەوە، کە لایەنگیری دەکرد لەسەر دەسەڵاتە سیاسیو ئاینییە رەهاکانو بیرۆکراتیەتی نەتەوەیی هەمە جۆر یارمەتیدەدا، کە وەزیرێکی فارسی لەسەرەوەیدا بوو، سەرکردایەتی دەکرد، لەزۆربەی کاتو قۆناغەکاندا، ئەو

---

[6]احمد أمين: فجر الاسلام، لا104.
[7]احمد أمين: فجر الاسلام، لا105.
[8] محمد اركون: تاريخية الفكر العربي الاسلامي، ترجمة هاشم صالح، لا225-226.

وەزیرە زاڵبوو بەسەر دەواوینو وڵاتی خەلیفەو دەزگاو دامەزراوە وەرگیراوەکانیدا، کە کلتوری فارسیو ئیمپراتۆریەتی کۆن بوو...[9]

کاریگەری بزاڤی شعوبیەت لەسەر بیری ئیسلامی لەسەر ئەوە نەوەستا کە تەنها کاریگەری هەبێتو بەس، بەڵکو ئەو رۆشنبیرانەی کە پەیوەستبوون بەکلتوری فیکریو عەقڵانیو زانستە بیانییەکانەوە کاریان دەکرد بۆ بەخشینی ئایدۆلۆجیایەکی ئیسلامی گشتگیرو شمولی بەدەوڵەتی عەباسی کە سەرچەم فیکرو رۆشنبیرییە جیاوازەکان پێکەوە بژین لەو دەوڵەتەدا، کە ئەمانەش لەژێر ئاراستەکانی (موعتەزیلەو فەیلەسوفەکان، شاعیرەکانو نوسەرەکان...تاد) کاریان دەکرد[10].

کاریگەری بزاڤی شعوبیەت بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دانیشتوانی ئەو وڵاتانەی کە لەلایەن موسڵمانەکانەوە واڵا دەکران باوەڕییان بەئاینی نوێ دەهێنا لێی تیدەگەیشتن بەتێگەیشتنێك کە جیاواز بوو لەتێگەیشتنی عەرەبی نیمچە دورگە، لەبەر ئەوە نەیتوانیوە واز لەرۆشنبیری پێشووی خۆیان بهێنن[11]. کە ژمارەیەکی زۆری ئەو ناعەرەبانە دواتر بەشدارییان کرد لەبزوتنەوەکەدا.

زۆرێك لەو فارسانەی کە موسڵمان دەبوونو فێری زمانی عەرەبی دەبوون، بەڵام لەعەقڵیەتو بیرو باوەڕیاندا وەك عەرەب نەبوون، بەڵکو ئیسلامیان بەشێوەیەك وەردەگرت کە شەقڵێکی فارسی پێوە دیار بێتو خۆیان لەهەموو بیروباوەڕی ئاینە کۆنو خوو نەرێتەکانیان دانەدەبڕیو ئیسلامیان بەگوێرەی لێبوردەیی ئاینە کۆنەکەی خۆیان وەردەگرت، بۆیە کاریگەری ئەوەش سروشتی بوو لەسەر بیری ئیسلامی کە دواتر دەرککەوتنی گروپەکانی شیعەو موعتەزیلەو تەسەوف بوو[12].

تێبینی دەکەین دەسپێکی پەیدابوونو سەرهەڵدانی بزاڤی شعوبیەت هەر لەسەرەتاوە بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەوە بوو (اهل التسوية)[13] کاتێك نەتەوەکانی غەیری عەرەب دروشمی (یەکسانیو دادپەروەری ئیسلامی) یان بەرزکردەوە لەژێر دەسەڵاتی ئومەوییەکاندا، ئەوان ئەو دروشمەیان لەباکگراوندێکی فیکرییەوە دەردەبڕی، کە ژمارەیەك لەکاربەدەستو فەرمانڕەوای ئومەوی ئەو فەرمانەیان لێوەر کردبوونو ئیمتیازاتیان زیاتر بەعەرەبەکان بەخشیبوو، شعوبیەکان لەدیدگایەکی فیکرییەوە رەخنەیان لەمامەڵەو هەڵسوکەوتی ئومەوییەکان دەگرت بەوەی کە فیکری ئیسلامی مەسەلی جیاوازیکردنی لەنێوان نەتەوەکاندا لەسەر ئاستی نەتەوەو دەمارگیری پێ قبولْ نیەو بەکارێکی نارەوایشی لەقەڵەم دەدات.

نەتەوەکانی غەیری غەرەب بەکرداری هاوکاری سەرخستنی شۆرشی عەباسیان کرد، ئیتر لەروی فیکرییەوە هەوڵەکانی خۆیان خستەگەڕ بۆ ئەوەی فیکری ئیسلامی دووچاری داخران نەبێتو سەر نەکێشێت

---

[9] محمد سعيد طالب، الدولةالعربية الاسلامية الدولةوالدين، لا253.
[10] محمد اركون: تاريخية الفكر العربي الاسلامي، ترجمة هاشم صالح، لا227.
[11] انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية...، لا527.
[12] احمد امين، فجر الاسلام، لا98.
[13] د. عبدالعزيز الدوري: الجذور التأريخية للشعوبية، لا12.

بۆ ئەوەی فیکری ئایدیۆلۆجیایەکی عەرەبی نەتەوەیی کە نەتوانێ رۆشنبیرو کلتورە نا عەرەبییە جیاوازەکانی تر هەزم بکات، ئەمەش بەهۆی پاشەکشەکردن بوو لەبنەماو پرەنسیپەکانی فیکری ئیسلامی.

ئەم هەوڵەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب بەهەوڵێکی فیکری لەقەلەم بدەین‌و بزوتنەوەکشە بەبزوتنەوەیەکی فیکری‌و، دوور نییە کاریگەری بەجێهێشتبێ لەسەر فیکری ئیسلامی، چونکە لەلایەکی ترەوە هەر ئەوان بوون لەرێگەی زانستەکانیانەوە توانیان چەندین زانستی ئیسلامی وەك زانستی تەفسیرو زانستی فەرمودەو زانستی نەحو تێرو تەواو بکەن کە لەسەروی ئەمانەشەوە نەتەوەکانی غەیری عەرەب دوای موسڵمان بوونیشیان خۆیان لەرۆشنبیری‌و شارستانێتی دێرینی خۆیان دانەدەبڕنی، بەڵکو کاریگەری خۆیان لەسەر ئەو زانستانە بەجێدەهێشت. زانستەکانیش لەو سەردەمەدا کە لەنێوان موسڵماناندا بووەو دوو جۆر زانست بووە، یەکێکیان پەیوەستبووە بەقورئانی پیرۆزەوەو پێێ وتراوە زانستی نەقڵییەکان یاخود زانستە شەرعیەیەکان، زانستەکەی تر عەرەب لەنەتەوەکانی غەیری خۆیان وەردەگرت‌و پێی دەوترا زانستە عەقڵییەکان یاخود داناییەکان کە هەموو کات بەزانستە عەجەمییەکان ناودەبرا[14]. موسڵمانانیش بۆ دەرهێنانی حوکمی شەرعی لەدەقەکانی قورئان دەبوایە سود لەزانستە عەقڵیەکان وەربگرن، چونکە دەرهێنانی حوکمی شەرعی زیاتر پشت بەبنەمای عەقڵی دەبەستێ‌و راستوخۆ ئەو حوکمە قورئانییە دادەبەزێتە سەر زەوی‌و موخاتەبەی عەقڵی مرۆڤەکان دەکات‌و کاروباری ئەوانی پێ دەڕوات بەرێوە، لێرەشدا رادەی کاریگەری بزاڤی شعوبیەت مان بۆ دەردەکەوێت لەسەر فیکری ئیسلامی لەسەر چۆنێتی راڤەکردنی دەقە ئاینییەکان‌و بەکارهێنانی زانستی عەجەمییەکان رۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە لەو پرۆسەی تەفسیرکردن‌و لێکدانەوەیەدا.

بەتێکەڵبوونی ئاین‌و شارستانێتی ئیسلامی بەشارستانێتی ولآتە والآکراوەکان جۆرە کارلێك‌و کاریگەرییەکی لەسەر هەردوولا دروستدەکرد، لەو تێکەلآوییە رۆشنبیرییە بیری ئیسلامی‌و خوونەریت‌و بیروباوەڕی ئیسلامی گەشەی دەکردو چەندین وشەی عەجەمیش هاتنە نێو فیکری ئیسلامییەوە، بەهۆی فروانبوونی ئاسۆی تێکەلآوی شارستانێتییەکان بەیەکتری یەکێك لەو کاریگەرییانە بریتبوو لەکاریگەری تەفسیرو راڤەی ئاینی بەزۆرێك لەزانستەکانی تری غەیری زانستە ئیسلامییەکان[15].

کاریگەری تری بزاڤی شعوبیەت ئەوە بوو کە زۆرێك لەناعەرەبەکان زاناو فەقێن‌و موفەکیر بوون بەشێوەیەك کە ئەوان کەسی یەکەمین‌و جێگری پرسو رای موسڵمانان بوون لەهەریەکە لەشارەکانی (مەدینەو مەککەو کوفەو بەسرەو شام‌و میسر) کە بەشی هەرە زۆری پرس‌و راپێکراوەکان فارس بوون[16].

لێرەوە کاریگەری بزاڤی شعوبیەت لەسەر بیری ئیسلامی بۆ دوو جۆر کاریگەری دابەش بکەین، کاریگەرییەکیان لەسەر ئاستی شەخسی بووەو خودی زانا موسڵمانە ناعەرەبەکە کاریگەری لەسەر فیکری

---

[14] حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي والديني...، 322/2.
[15] انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية...، لا526.
[16] احمد امين: فجر الاسلام، بڕوانە لا152-153-154.

ئیسلامی دەبوو، کە ئەمجۆرە کارگەرییەش هەر لەخودی بیروباوەڕو فیکری ئیسلامی خۆیەوە سەرچاوەی دەگرتو زۆرێکیان لەروی ئاینیو زانستییەوە دەرکەوتنو بوون بەزاناو ئیمامو فەقین لەزۆرێك لەشوێنەکاندا وەك (ربیعة الراي گەورەو مامۆستای ئیمام مالیكو زانای مەککە عطا ی کوڕی رباحو...تا)[17].

جۆری دووەمی ئەو کاریگەرییانە ئەوە بوو کە لەبنەماو پرەنسیپە فیکرییەکانی بزوتنەوەی شعوبیەتەوە سەرچاوەی دەگرت، بەتایبەتیش لەسەر ئاستی دەرکەوتنی تەفسیری جیاواز بۆ قورئانو هاتنە ئارای گروپەکانیش.

کاریگەری دیکەی بزاڤی نەتەوەکانی غەیری عەرەب، بوونی ئەو مەڵبەندو پەیمانگە رۆشنبیریو وانە زانستییانە بوو لەسەردەمی عەباسییەکاندا، هەروەها مزگەوتەکان باشترین مەڵبەند بوون بۆ بزاڤە زانستیەکان، باشترینیان مزگەوتی (بەسرە) بووە کە کۆڕی هۆزێك بووە لەخەڵکی جەدەلو موناقەشە، ئەو کەسانەش کە لەو ئەڵقەو کۆڕانەدا ئامادە دەبوون لەگەڵو نەتەوەو ئاینی جیاواز بوون، ئەم رۆشنبیرییانەش کاریگەریان لەسەر ئیسلام هەبووە بەهۆی تێکەڵاوبوونیانەوە بەیەکتری[18].

فارسەکان پیاوی رۆشنبیری زۆریان هەبووە وەك (بنەماڵەی بەرمەکییەکانو فەزڵی کوڕی سەهلو حەسەنی کوڕی سەهلو ئیبن موقەفەع...تاد)، کە ئەمانە کاریگەرییان لەسەر فیکرو ئەدەبو هونەری ئیسلامی هەبووە بەحوکمی تێکەڵبوونی رۆشنبیری فارس بەرۆشنبیری ئیسلامی[19].

دەگێڕنەوە کە (یەحیایی کوڕی خالیدی بەرمەکی) ئارەزووی بەلای لێکۆڵینەوەو مونازەرەدا هەبووە، کۆڕو کۆبونەوەیەکی هەبووە کە ئەهلی کەلامی تێدا بووە لەگەڵ ئەهلی ئیسلامو جگە لەوانیش[20].

کاریگەری لەسەر دەرکەوتنی گروپە ئیسلامییەکان هەندێ سەرچاوەی تر بڕوایان وایە کە بیروباوەڕی گروپی قەدەرییەکان (القدرية) درێژبونەوەی بیروباوەڕی ئاینی ئێرانی (مەجوسی)یەکانە، چونکە پاش والآ کارییەکان هەندێك گەلو هۆز لەسەر ئاینی پێشووی خۆیان مانەوەو بە(جزية)دان ئەهاتنە ناو ئیسلامەوەو لەسەر هەمان فەلسەفەو مەقولەی خۆیان مانەوە. لەلایەکی تریشەوە. زەردەشتیەکان بڕوایان وەها بوو کە خودا دروستکەری شەڕو خراپە نییەو خودای شەڕ جودایە، قەدەرییەکانیش رایان وایە کە کردەوەی خراپە خودا تەقدیری ناکات لەسەر مرۆڤو کاری خۆسەریەتیو (معبد الجهني)ی سەردەستەی قەدەریەیەکان لەژێر کاریگەری مەجوسییەکاندا بووە[21]. سەرەڕای ئەوەی ئەم زانیاریانە بەڵگەن لەسەر کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت، بەڵام گروپەی ئاینییەکان درێژ کراوەی ئاینە ئێرانییە کۆنەکان نین، بەڵکو ئاینە ئێرانییە کۆنەکان کاریگەرییان هەبووە لەسەر دەرکەوتنو گەشەکردنیانو لەزۆر زانیاریشدا خاڵی هاوبەشیان هەیە.

---

[17] انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية...، لا252-253.
[18] حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي والديني...، ج347/2.
[19] احمد امين: ظهر الاسلام، ج1/لا44.
[20] السعودي: مروج الذهب، ج2/لا282.
[21] د. ناصر عبدالكريم العقل: القدرية والمرجئة، نشأتها، اصولها، وموقف السلف منهما، لا25-26.

قەدەرییەکان بە(قدرية مجوسية)ش لەمێژووی ئیسلامیدا ناسراونو ئەمان پێیانوایە کە مرۆڤ دروستکەری کارو کردەوەی خۆیەتی– واتە لەگەڵ خودادا مرۆڤیش دروستکەرە، هاوکات قەدەرییەکان نەفی قەزاو قەدەر دەکەنو بڕوایان وایە کە مرۆڤ خۆی دەستی هەیە لەدروستکردنی کاری خراپی خۆیدا[22].

ئەم حاڵەتە هێندەی خستنە رویەکی زانستییانەی کاریگەری ئاینو فیکری نەتەوەکانی غەیری عەرەبە لەسەر فیکری ئیسلامی، ئەوەندە زاڵکردنی ئاینو کلتورو فیکری ئەوان نییە بەسەر کلتوری ئیسلامیدا.

هۆکاری ئەو کاریگەرییەش لەخاڵێکی دیکەدا بۆ ئەوە بگێڕینەوە کە هەڵمەتی زانست لەئیسلامدا فارسو عەجەمەکان بوون، چونکە موسڵمانە عەرەبەکان بەواڵاکردنی ناوچەکانەوە سەرقاڵ بوونو ناعەرەبەکان برەویان بەزانستەکان دەدا، لەلایەکی ترەوە ئیبن خەلدون ئەمە دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە عەرەب هەر لەسەرەتاوە زانستو پیشەسازییان نەبووەو کاری فێرکردنو نوسینەوەیان نەزانیوە، عەرەب زیاتر دەشتەکی بوونو زانست زیاتر شتێکی شارستانی بووەو عەجەمەکانیش شارنشین بوون.

کار دەگاتە ئەوەی کە ئیبن خەلدون بڵێت: "بەهۆی ئەوەی کە عەرەب بەسروشت دەشتەکی بوونو شارنشین نەبوون، ئەمەوایکردبوو کە زیاتر بایەخ بەجەنگو واڵاکردن بدەن، کەمتر لەوەی بایەخ بەزانستو زانیاری بدەن. ئەگەر بەوڵاتێکدا تێپەڕن دوای سەرکەوتنیان بەسەریدا ئەوا دەست دەکەن بەتێکدانیو سەقفەکەی تێکدەدەن بۆ ئەوەی رەشماڵەکانیانی تێدا هەڵبکەن...."[23].

هۆکارێکی تری ئەو کارگەرێتیە ئەوە بوو کە زۆربەی زاناکانی ئیسلامی لەو سەردەمەدا ناعەرەب بوونو لەلایەکی تریشەوە هاوەڵەکان زۆرترین موسڵمانی ناعەرەببیان لەماڵو کارەکانیاندا بەکاردەهێنا، بەشێوەیەك ئەگەر سەحابەیەك بازرگانی بوایە ئەوا مەوالییەکەی یاریمەتیدەری بوو لەبازرگانییەکەیدا، ئەگەر هاوەڵەکە زاناش بوایە ئەوا مەوالییەکەی خوێندکارو هاوکاری بووە لەزانستەکانیدا[24].

کاریگەری بزاڤی شعوبیەت لەسەر فیکری ئیسلامی بەچەند رێو شوێنێکدا گەیشتووەتە سەر فیکری ئیسلامی کە سەرچاوەکان ئاماژەیان بەهەندێکیان کردووە:

*بوونی ئەو خوێندنگە رۆشنبیرییە بیانییانە بووە، وەك مەڵبەندی رۆشنبیری فارسی لەجندیسابورو مەڵبەندی رۆشنبیری سریانی لەحەڕانو نصیبینو...[25].

*تێکەڵاو بوون لەشوێنە نیشتەجێکاندا، کاتێ موسڵمانە عەرەبەکان نێوچەکانیان واڵا دەکرد، تێکەڵاوی زۆری دانیشتوانەکانیان دەبوونو ژیانی فیکریو کۆمەڵایەتیو ئابوری گوزەرانیان بەدی دەکرد[26].

---

(22) ابن تميمة: مجوع الفتاوى، ج718/10.
(23) المقدمة: ل176.
(24) احمد امين، فجر الاسلام، ل155.
(25) حنا الفاخوري: الجامع في تاريخ الادب العربي، ج522/1.
(26) انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية....، ل527.

*پرۆسەی گواستنەوەی وەرگێڕان کە بەگرنگترین ڕێگە دادەنرێت بۆ دزەکردنی ڕۆشنبیرییە بیانییەکان بۆناو ڕۆشنبیری ئیسلامیو دروستکردنی کاریگەری لەسەر فیکری ئیسلامی کە ئەم پرۆسەیەش بەچەند قۆناغێکدا گوزەری کردووە:

–سەردەمی ئومەوییەکان: خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی مەعاویە (85ك) مردووە، یەکەم کەس بووە کە بایەخیداوە بەوەرگێڕانو گواستنەوەی زانستە عەجەمییەکان بۆ سەر زمانی عەرەبی....

–سەردەمی عەبباسییەکان: لەدوای مردنی (السفاح) گرنگیان بەلایەنی فیکریو زانستو ڕۆشنبیری ولآتەکەیان داو پێویستیان بەدانپێدانانی زانسە عەجەمیو بیانییەکان هەبوو وەك ڕۆشنبیری فارسیو یۆنانی، ئەم بزوتنەوەی وەرگێڕانەش لەسەردەمی خەلافەتی مەنسورەوە دەستیپێکرد تاوەکو سەردەمی فەرمانڕەوایی کردنی خەلافەتی مەئمونو دوای ئەویش درێژەی کێشاو بەردەوام بوو[27].

کەواتە لێرەدا تێدەگەین کە کاریگەری بزاڤی شعوبیەت کارێکی سروشتیو ئاسایی بوو لەسەر فیکری ئیلامی کە دەبوو لەدوای خۆی ئەو بزوتنەوەیە بەجێبهێڵێت، چونکە زۆرجار هەموو ئەو کاریگەرییانە دەچنە چوارچێوەی کاریگەری شارستانیەتەکان لەسەر یەکتری کە سەرەتا لەکاریگەری بیرو بۆچوونو فیکرو بزاڤێکەوە دەستپێدەکات، تا دەگاتە شارستانیەتەکە خۆی.

### باسی دووەم
### کاریگەری لەسەر دەوڵەتی عەبباسی

کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر دەوڵەتی عەبباسی پانتاییەکی فراوانی لەسەرچاوە مێژووییەکاندا داگیر کردووەو یەکڕاست لەسەری دواون، ئەوەی بلای ئێمەوە گرنگ بێت ئەوەیە کە شتێکی ناواقیعی نییە گەر بڵێین: بزوتنەوەی شعەوبیەت میکانزیمی سەرکەوتنی شۆڕشی عەبباسییەکان بوو، چونکە عەبباسییەکان بەدوو هێز توانیان شۆڕشەکەیان سەر بخەنو کۆتایی بەدەسەڵاتی ئومەوییەکان بهێنن، یەکەمیان هێزی موسڵمانە ناعەرەبەکان بوو بەتایبەتی فارسەکان، دووەمیان هێزی شیعەکان بو کە نفوزی دووەمیش لەنێوچە فارس نشینەکانیشدا تەشەنەی کردبوو، تەنانەت کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر دەوڵەتی عەباسی گەیشتە ئەو ڕادەیەی کە شوێنی یەکەم بۆ فارسەکان بێت[28]. جگە لەمەش (جاحظ) گەیشتۆتە ئەو قەناعەتەی کە بڵێت: "دەوڵەتی ئومەوی دەوڵەتێکی عەرەبی دەشتەکی بووەو دەوڵەی عەبباسی دەوڵەتێکی

---

(27) انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية...، لا528، 530، 531).

(28) حنا الفاخوري: الجامع في تاريخ الادب العربي، ج1/518-519، هەروەها بڕوانە الشيخ محمد الخضري: الدولةالعباسية، لا15..

عەجەمی خۆراسان بووە"[29]. ئەمەش گوزارشتێکی بەهێزە لەسەر ماهیەتو کاریگەری بزاڤی شعوبیەت لەسەر دەوڵەتی عەبباسی.

رەنگە قەڵایی ئەو کاریگەرییە لەسەر دەوڵەتی عەبباسی لێرەوە بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە خەلیفەکانی عەبباسی، هەندێکیان لەوەچەی ئەو (سراری)یانە بوون کە خوێنیان تێکەڵ بوو بوو لەگەڵیاندا، هەروەك (ئیبن حزم) دەبێژێ: "لەسەردەمی یەکەمدا هیچ کەسێك خەلافەتی وەرنەگرتووە لەدایکێکی (امە) جگە لەیەزیدو ئیبراهیمی کوڕی زەید، لە(بنەماڵەی عەباسی)یش کەس لەدایکێکی ئازاد خەلافەتی وەرنەگرتووە جگە لە(سفاحو مهدیو أمین، هەروەها لەبنەماڵەی ئومەوی)یش کەس وەری نەگرتووە"[30].

کارگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر دەوڵەی عەبباسی بەتەنها لەسەر لایەنێکی ژیانی عەبباسییەکان دەرنەکەوت، بەڵکو بوارەکانی ژیانی سیاسیو کۆمەلایەتیو شارستانی گرتبوویەوە، چونکە هەر لەسەرەتاوە عەباسییەکان پشتیان بەموسوڵمانە ناعەرەبەکان بەستبوو.[31]

لێرەشدا ئاماژە بە هەندێ لەو کاریگەرییانە دەکەین:

*کاریگەری لەسەر لایەنی سیاسیو فەرمانڕانی:

لەژێر سایەی بنەماڵەی عەبباسیو لەسەردەمی دەوڵەتی عەبباسیدا نفوزی سیاسەی فارسەکان لەرووی سیاسیو کارگێڕیو رۆشنبیرییەوە دەرکەوت[32]. چونکە نەتەوەکانی غەیری عەرەب لەژێر دەسەلاتی هەندێ خەلیفەی ئومەویدا زۆر نارەحەتییان چەشتبوو بەحوکمی ئەوەی کە ئومەوییەکان زۆرییان دەمارگیربوون بۆ رەگەزی عەرەبی، کاتێکیش عەبباسییەکان لەسەرەتای شۆڕشەکەیاندا بانگی نەتەوەکانی غەیری عەرەبیان کرد بۆ ریزی شۆڕشەکەیان، ئەمەش دەرفەتێکی باش بوو بۆ نەتەوەکانی غەیری عەرەب بۆ گێڕانەوەی مافە لەدەستچووەکانیان، ئەوە بوو هەرزوو پێوەندییان پێوەکردن بەسەرۆکایەتی ئەبو موسلیمی خۆراسانی لەژێر دروشمی (خستنی خیلافەتی عەرەبیو دامەزرانی دەوڵەتێکی نوێ بەپیادەکردنی یەکسانی لەنێوان عەرەبو ناعەرەبدا...[33]

سیستمی حوکمڕانی عەبباسییەکان لەهەندێ سەدەمدا کاریگەر بوو بەسستمی حوکمڕانی فارسەکان کە لەلای پادشاکانی فارس لەکۆندا باربووەو بەلای خەڵکەوە پیرۆز بوونو فارسەکان پێیان وابوو پادشاکان سێبەری خودان لەسەر زەویدا، بەمەش سیفەتی رۆحی لەخەلیفەدا زیادی کرد، چونکە فارەسکان بڕوایان بەتیۆری مافی خودایی پیرز هەبوو، ئەم تیۆرەش نزیکە لەو تیۆرەی کە سەردەمێك باو بووە لەئەوروپا

---

[29] محمد سعيد طالب: الدولةالعربية الاسلامية الدولةوالدين، لا252.
[30] احمد امين: ظهر الاسلام، ج124/1.
[31] هادي علوي: اصول من تأريخ الاسلام السياسي، لا85.
[32] د. محمود اسماعيل: تاريخ الحضارة العربية الاسلامية، لا136.
[33] محمد سعيد طالب: الدولةالعربية الاسلامية الدولةوالدين، لا251.

لەسەدەکانی شازدەو حەڤدەدا بەنێوی (تیۆری مافی خودایی)، کاریگەرییەکەش لەم قسەیەی (منصور)دا دەردەکەوێت کە دەڵێت: "من سوڵتانی خودام لەسەر زەویەکەییدا"[34]. ئەگەر چی پێدەچێت لەوانەیە مەبەستی مەنصور ئەو مانایە نەبووبێت کە پەیوەستە بەتیۆری مافی خوداییەوە، بەڵام لەسیاقی قسەکەی مەنصورەوە ئاماژەیە بەکاریگەری سستمی حوکمڕانی کۆنی فارسەکان.

هەروەها دەربارەی کاروباری وەزارەتیش ئەوا وەڤزارەت بەیەکێك لەپایەکانی سستمی حوکمڕانی لەکۆندا لای فارسەکان دادەنرێت، کە عەبباسییەکان ئەم ستەمشیان لەفاسەکانەوە وەرگرتبوو، هەروەك زۆربەی وەزیرەکان لەسەردەمی عەبباسی یەکەمدا فارس بوون وەك خالیدی کوڕی بەرمەکیو فەزڵی کوڕی سەهلو..تاد[35]، تەنانەت ئەبو موسلیمی خۆراسانی یەکەم کەس بووە کە بە (وەزیر) بانگکراوە لەدەوڵەتی عەبباسیدا[36]، لەرووی کارگێڕییەوە عەبباسییەکان کاریگەر بوون بەسستمی کارگێڕی فارسەکان[37] و لەم بوارەشدا جێگەی پێی ئەوانیان هەڵگرتووە.

## کاریگەری لەسەر ژیانی زانستیو فیکری عەبباسی

هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکرد هەڵمەتی زانست لەئیسلامدا عەجەمو موسڵمانە ناعەرەبەکان بوون[38]، کاتێکیش دەوڵەتی عەبباسی بەهاوکاری فارسەکان دامەزار، لەئەنجامی تێکەڵی هەردوو رەگەزی عەرەبو فارس، ئاراستەی عەبباسییەکان بۆ مەعریفەو زانستە فارسییەکان گەشەی کردو ئەبو جەعفەری مەنصور گرنگی بەوەرگێڕانی کتێب دا[39].

خەلافەتی عەبباسی هەندێ دیاردەی شارستانی بیانی وەرگرتبوو، هاوکات عەبباسییەکان زۆر کاریگەر بوون بەو موسڵمانە ناعەرەبانەی کە هاتبوونە نێو دەوڵەتی عەبباسییەوە[40]، نەتەوەکانی غەیری عەرەب لەسەرووی هەموشیانەوە فارسەکان لەئەدەبو هونەرو زانستەکاندا شارەزایی باشیان هەبوو، ئەمەش پاڵپشتێکی گەورە بوو بەپەرەسەندنی بزوتنەوەی فیکریو ئەدەبیو زانستی لەسەردەمی عەبباسییەکاندا، بەجۆرێك لەئەدەبدا کەسانی وەك (إبن مقفع) دەرکەوت کە بەرەچەڵەك فارسێکی زەردەشتی بوو، سەرەڕای ئەوەی چەند کتێبێکی نوسی وەك (الادب الكبير و الادب الصغير)، بەڵام بەوەرگێڕانی کتێبی (خداينامة)

---

[34] أحمد أمين: فجر الاسلام، لا111، هەروەها بڕوانە أنور الرفاعي: الاسلام في حضارته.....، لا86.
[35] عبدالعزيز الدوري، الجذور التاريخية للشعوبية.
[36] احمد أمين: ضحى الاسلام، ج1/لا166.
[37]انور الرفاعي، الاسلام في حضارته ونظمه الادارية والسياسية والادبية...، لا 138).
[38]ابن خلدون: المقدمة، لا477.
[39]حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي والديني...، ج244/2.
[40]د. فاروق عمر واخرون: النظم الأسلامية، لا (3، 50).

و (كةليله ديمنة)[41] ئاسۆى ئەو كاريگەرييەى لەسەر ژيانى فيكرو ئەدەبى فروان كرد، بەشێوەيەك (خداينامة) كە لەبوارى مێژوودا نوسراوە، ئيبن مقفع بەناوى (مێژووى پادشاكانى فارس) ناوى بردووە كە (طبري) لە(تأريخ الأمم والملوك)وەكەيدا پشتى پێ بەستووە[42].

زۆرێك لەبنەماڵە فارسييەكان بەنێوبانگن بەوەرگێڕانى وەك (بنەماڵەى نوبختو حسنى كوڕى سەهلو ئەحمەدى كوڕى يەحياى كوڕى جابى نوسەرى كتێبى)[43]

دەكرێ بڵێين بزوتنەوەى وەرگێڕان رۆڵێكى گەورەى گێڕا لەهۆشياركردنەوەو ئاراستەكردنى ئەدەبى عەبباسى بەشێوەيەك كە پێكداچوونى فيكرىو گفتوگۆو لێدوان دروستبوو لەشيعرو ئەدەبدا[44]. سەبارەت بەبوارى شيعريش هەندێ سەرچاوە دەركەوتنى بزوتنەوەى شعوبيەتو كاريگەرى رۆشنبيرى، بەيەكێك لەهۆكارەكانى بەرەو پێشچوونو تەواو كامڵ بوونى شيعرى عەرەبى دەزانن[45].

*كاريگەرى لەسەر زانستەكانى تر

لێرەدا مەبەست لەكاريگەرى بزوتنەوەى شعوبيەت لەسەر زانستەكانى تر لەدەوڵەتى عەبباسيدا زياتر لەوەدايە كە بەهۆى بەرەو پێشچوونى زانست لەلايەكەوەو دەركەوتنى موسڵمانە ناعەرەبەكان لەو بوارەدا بوو بەهۆى سەرهەڵدانى بزوتنەوەى شعوبيەت خۆى، واتە لێرەوە نەتەوەكانى غەيرى عەرەب دەستيان دايە زۆرێك لەزانستەكانو بەرەو پێشەوەيان بردو كاريگەرى هەبوو لەسەر بايەخدانى موسڵمانە ناعەرەبەكان بەو زانستە گرنگانەى خۆيان كە هەيانبوو، پاش تەشەنە كردنى كاريگەرى بەرەو پێشچوونى زانستو دەركەوتنى موسڵمانە ناعەرەبەكان ئيتر خودى بزوتنەوەى شعوبيەت سەريهەڵدا، كە دواتر كاريگەرى بەجێهێشت لەسەر لايەنى زانستەكانى تر لەدەوڵەتى عەبباسيدا، واتە مەبەست لەوەدا نەييە لێرەدا كە بزوتنەوەى شعوبيەت يەكسەر خۆى كاريگەرى دروستكردبێت بەڵكو بەهۆى ئەو دوو هۆكارەى پێشەوە (كاريگەرى بەرەو پێشچوونى زانستو دەركەوتنى موسڵمانى ناعەرەب) كە بوون بەهۆى سەرهەڵدانى بزوتنەوەى شعوبيەت ئەوا ئينجا كاريگەرى هەبوو نەك پێشترو دەرەنجامى بزوتنەوەى شعوبيەت بێت.

–لەزانستى جوگرافيادا: ئەم زانستە لەسەر دەستى فارسەكان دەركەوتو درەوشايەوە، لەو جوگرافى ناسانەش (ئيبن خرداذبه) يە كە كتێبێكى پڕ بايەخى بۆ بەجـێهێشتووين بەناوى (المسالك الممالك) كە بەزمانى عەرەبى نوسيويەتىو بەيەكەم كتێبى ئەو بوارە دادەنرێت لەزمانى عەرەبيدا.

---

[41]حنا الفاخوري: الجامع في تاريخ الادب العربي، ج1/لا520.
[42]احمد أمين: ضحى الاسلام، ج1/لا177.
[43]حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام العباسي والديني....، ج2/345.
[44]حنا الفاخوري: الجامع في تأريخ الادب العربي، ج1/لا524.
[45]انور الرفاعي: الأسلام في حضارته ونظمه الأدارية والسياسية والفنية....، لا526.

–پزیشكی: بەهۆی تێكەڵ بوونی موسڵمانەكان بەفارسو ڕۆمەكان، كاریگەری هەبوو لەسەر زانستە عەقڵییەكان وەك زانستی پزیشكیو ئەستێرە ناسیو ماتماتیك[46].

–لەبیناسازییدا: دوای دەست بەسەرا گرتنی وڵاتی فارسو ڕۆم موسڵمانە ناعەرەبەكان كەوتنە ژێر كاریگەری هونەری بیناسازی فارسەكان، بەتایبەتی گواستنەوەی مەڵبەندی خەلافەت لەشامەوە بۆ عیراق لەلایەن عەقڵییەوە كاریگەری گەورەی بەجێهێشت[47]، كارە بیناسازییەكانی خەلیفەكانی عەبباسی ئاماژەیە بۆ ئەم خاڵە.

هەروەها عەبباسییەكان لەجلوبەرگو بۆنەو جەژنەكاندا لاسایی فارسەكانیان كردۆتەوەو كەوتوونەتە ژێر كاریگەری ئەوانەوە وەك جەژنەكانی نەورۆز میهرەجانو رام[48]، دیارییان پێشكەشی یەكتر كردووە تیایدا، (بیرونی) دەڵێت: "فارسەكان لەجەژنی نەورۆزدا یەكترییان خەڵات دەكرد بەجلوبەرگو قامیشی شەكر كە وەك خواردنێكی پیرۆز سەیر دەكرا"[49].

هەروەها لەكاروباری دیوانەكانیشیدا عەبباسییەكان كەوتوونەتە ژێر كاریگەری فارسەكانەوە، سەرچاوەكان پێیانوایە وشەی (دیوان) لەبنەچەدا فارسی بێت، (اصمعي) دەبێژێ: "وشەكە فارسییەو كراوە بەعەرەبی كە بەمانای (سجل، دفتر) دێت"[50].

كاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر دەوڵەتی عەبباسی گەیشتبووە ئەو رادەیەی كە دەست وەردەنە كاروباری دەسەڵاتی خەلیفەكان، بەتایبەتی كاتی سەرهەڵدانی ناكۆكی نێوان ئەمینو مەئمون. دەبینین خۆراسانییەكان ڕۆڵێكی گەورەیان گێڕاو مەئمون سەركەوتنی بەدەستهێنا لەچەكداركردنی خۆراسانییەكان لەنێوچەی (مرو) بۆ گەمارۆدانی بەغدادو داماڵینی براكەی (ئەمین) لەخەلافەت ساڵی 1813ز[51]. ڕەنگە هەندێ كاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەسەر ژیانی كۆمەڵگەی عەباسی كەلێرەدا بوار نییە لێیان بدوێین، بەڵام ئەو كاریگەرییانەی پێشەوە مشتێكە لەو خەرواره كاریگەرییەی بزاڤی شعوبیەت.

**باسی سێیەم:**

**كاریگەری لەسەر نەتەوەكانی غەیری عەرەب**

بەگەیشتنی بنبەستی بزوتنەوەی شعوبیەت نەتەوەكانی غەیری عەرەب دەستیاندایە دەمارگیری ئاینیو ڕۆشنبیریو شارستانی خۆیانو وردە وردە كاریگەری لەسەر ڕۆشنبیری ئیسلامیو دوركەوتنی گروپە

---

[46]حسين ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي...، ج2/لا(251-252).
[47]احمد امين: ضحى الاسلام، ج1/لا174.
[48]حسن ابراهيم حسن: تاريخ الاسلام السياسي....، ج2/لا258، 427، 424.
[49]الآثار الباقية عن القرون الخالية، لا216.
[50]انور الرفاعي: الأسلام في حضارته ونظمه....، لا 131.
[51]محمد اركون: تأريخية الفكر العربي الأسلامي، ترجمة هاشم صالح، لا226، هەروەها بڕوانە عبدالحسين زرين كوب: دوقرن سكوت، لا200.

ئیسلامییەکانو دواجار لەسەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب دەرکەوت کە تا ئەو کات لەژێر فەرمانرانی عەبباسییەکاندا ببوون، چونکە بیرورا وایە کە بزوتنەوەی شعوبیەت بزوتنەوەیەکی فیکری بووەو ئەو بزوتنەوەیەش بەپێنوس بووە نەك بەشمشێر[52].

دواتر ئەو کاریگەرییانە بەشێوەیەکی خراپ بەسەر دەوڵەتی عەبباسیدا شکایەوە کە خۆی لەبزوتنەوە ئاینیو فیکرییەکاندا بینییەوە، لەلایەکی تریش ئەو کاریگەرییانە لەسەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب بوو بەهۆی دروستکردنی ناڕەزایی خەڵك نەك تەنها لەئێراندا بەڵکو لەوڵاتە ئیسلامییەکانی تریشدا کە بەدەست عەرەبەکانەوە بێزار بوو بوون[53].

لەپێشترینی ئەو نەتوانەی کە کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەتیان لەسەر بوو، نەتەوەی فارس بوو، چونکە فارسەکان هەوێنی ناو بزوتنەوەکە بوونو رۆشنبیریو شارستانیو ئاینی ئەوان گرەنتی سەرکەوتنی ئەو بزوتنەوەیە دەردەخات. بەحوکمی ئەوەی رۆشنبیری فارسی باڵی کێشابوو بەسەر بزوتنەوەی شعوبیەتداو لایەنەکانی فیکریو زانستیو ئەدەبیو...تاد، گرتبوویەوە. بۆ نموونە لەبواری ئەدەبدا ئیبن مقفع بشاری کوڕی بردو ئەبی نواس دەرکەوتن[54]، لەبواری فیکردا کەسێکی وەك (فارابی) هاتە گۆڕەپانەکەوە کە بەیەکێك لەبیرمەندە ئیسلامییەکان دادەنرێت کە بەرەچەڵەك فارس بووەو خەڵکی خۆراسانە، چەندین کتێبی فیکری نوسیوە کە هەرە گرنگترینیان (رسالة في العقل)و (آراء اهل المدينة الناضلة)[55]، کە تا ئێستاش تێزە عەقڵانیو فەلەسەفیو سیاسییەکانی کاریگەری لەسەر فیکری ئیسلامی هەیە.

کاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت وەهای لەنەتەوەکانی غەیری عەرەب کرد کە بەچاوو تێڕوانینێکی بەرز راگرتنو شکۆمەندییەوە تەماشای کلتورو رۆشنبیری خۆیان بکەن، بەتایبەتیش فارسەکان کە کلتوری ساسانییان بەرز رادەگرتو لەزۆرێك بەهاوچمکەکانی تر دەگەڕانەوە بۆ ئەو کلتورە[56]. بەداخەوە هەندێ نوسەری دەمارگیر بۆ عەرەب ئەو کاریگەرییانە لەسەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب بۆکاریگەری شۆڕشی عەبباسییەکان دەگێڕنەوە[57]، رەنگە ئەمە تا رادەیەك راستی تێدا بەدی بکرێت، بەڵام بەلای ئێمەوە ئەو کاریگەرییانە لەسەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب بۆ بزوتنەوەی شعوبیەت دەگەڕێتەوە بەشێوەیەکی گشتی، چونکە شۆڕشی عەبباسییەکان هەڵگری پرنسیپی هۆشیارکردنەوەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب نەبوو لەژێر دەسەڵاتی ئومەوییەکانو رزگاریان بکات، ئەوەندەی کە ئامانجی دەوڵەتێکی نوێ بەهاوکاری رەگەزەکانی ناعەرەب بهێنێتە ئاراوە کە خۆیان خەلیفە بن تیایدا.

---

[52]د. بندلي جوزي: من تأريخ الحركات الفكرية في الاسلام، ج2/لا50.
[53]عبدالحسين زرين كوب: دوقرن سكوت، لا298.
[54]محمد بديع شريف: الصراع بين الموالي والعرب، لا88، 92.
[55]انور الرفاعي: الأسلام في حضارته ونظمه...، لا678-679.
[56]عبدالعزيز الدوري: الجذور التأريخية للشعوبية، لا31.
[57]هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا30.

هەروەها كاریگەری بزوتنەوەی شعوبیەت لەزۆر وڵاتو خاكی نەتەوەكانی غەیری عەرەبدا بڵاوبوویەوە، هەندێك لەسەرچاوەكان ئاماژە بەوە دەكەن كە راونرییەكان بزوتنەوەیەكیان بەرپا كرد گروپێك بوون لەخەڵكی خۆراسانو جگە راوانیش[58].

هاوكات كوردەكانیش گوێڕایەڵی بابەكی خورەمییان كردووەو بەشداری بزوتنەوەكەشیان كردووە لەوانەش (عصمة الكردي) خاوەنی ناوچەی مرندو لێپرسراوی هەندێ هۆزی كوردی لەئازەربایجانو هەندێ هۆزی تریش لەپشت قەوقازەوە[59]. وەك بەشدارییەكی نەتەوەكانی غەیری عەرەب.

لەلایەكی تریشەوە گروپێكی بچوكی ئەرمەنییەكانیش چونەتە ریزی بزوتنەوەكەی بابكەوە لەنێوچەی سیونیا. هەروەها نەتەوەی رۆمەكانیش هاوكاری بابەكی خورەمیان كردووە پاش ئەوەی بەهێزی پێوەندی بابك بە(توفەیل)ی پادشای رۆمەكانەوە دەركەوت[60].

(ئیبن ندین) یش لەپۆلێن كردنی خومەرەمییەكاندا كە بۆ دوو پۆل ریز بەندی كردوون دەبێژی: "خورەمی یەكەم بە(المحمرة)ش ناویان هاتووە، بەتەنیشت چیاكانەوە بوون لەنێوان ئازەربایجانو ئەرمینیاو وڵاتی دەیلەمیو هەمەدانو دەینورو ئەسفاهانو ئەهوازیشدا بڵاو ببوویەوە[61].

دەربارەی ئەو كاریگەرییانەی بزوتنەوەی شعوبیەت كە پێوەندی بەپێوەندی بەلایەنی كۆمەڵایەتی نەتەوەكانی غەیری عەرەبەوە هەبوو، ئەوا بەحوكمی ئەوەی ئەو سستمە كۆمەڵایەتییەی كە لەنێوان خەڵكە دانیشتوانەكەو كاربەدەستاندا هەبووە سیمایەكی دەرەبەگی لەخۆ دەگرت، بەنموونەش ئەو بزوتنەوانەی كە لەسەردەمی عەبباسییەكاندا سەریهەڵدا، گوایە خەباتو تێكۆشانی چەكدارانە بووە لەدژی دەوڵەتی عەبباسیو لەپێناو رزگار بوون لەسستمی دەرەبەگایەتی[62].

دروشمی زۆرێك لەو شۆڕشو بزوتنەوە ئاینیو فیكرییانە رەهەندێكی كۆمەڵایەتیو ئابوری هەبووە، بەشێوەیەك هەندێ لەو بزوتنەوانە بڵاوبوویەوە بۆ پارچەكانی تری وڵاتی فارس كە زۆربەیان جوتیاربوون، (مسعودی) دەڵێت: "لایەنگرانی شۆڕشی سنباژ زۆربەیان لادێ نشین بوون"[63]. (البغدادي) یش پێی وایە كە شوێن كەوتووانی بزوتنەوەكانی ئەو رۆژگارە لەچیاكانی ئیلاق (ماوراء النهر) بووە[64].

بزوتنەوەی شعوبیەت كاریگەری هەبوو لەسەر نەبەگیەكانو ئەوانیش هەستی دەمارگیرییان بزوا بۆ نەتەوەو ئاینەكەی خۆیان، بەشێوەیەك گەشەكردنی هەستی نەبەگییەكانو هەڵویستی وەرگرتنیان بۆ

---

[58]ابن كثير: البداية والنهاية، ج10/لا75. هەروەها بڕوانە ابن كثير: الكامل في التاريخ، ج5/لا52.
[59]د. بندلي جوزي: من تأريخ الحركات الفكرية في الاسلام، ج2/78.
[60]د. قحطان عبدالرحمن الدوري: الحركات الهدامة في الأسلام، لا115.
[61]الفهرست، لا479.
[62]حسين قاسم العزيز: البابكية وانتفاضة الشعب الاذربيجاني ضد الخلافة العباسية، لا162.
[63]مروج الذهب: ج3/لا305-306.
[64]الفرق بين الفرق، لا224.

جێگیرکردنی قەوارەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەو کۆمەڵانەی کە هەست بەپێویست بوونی دەکەن لەکۆمەڵگەی ئیسلامیدا[65].

(ئیبن قتیبە) لەم بارەیوە دەبێژێ: "لەنێوان شعوبییەکاندا ئەوانەی کە زۆرت دژ بەعەرەب بوونو زۆرتر رقیان لـێهەڵگرتبوون، هەرزە نەبەگییەکانو جوتیارانو لادێ نشینەکان بوون"[66].

بۆیە لەکۆتایدا باسی ئەم بەشەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بزوتنەوەی شعوبیەت چ کاریگەرییەکی گرنگی کردۆتە سەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب لەزۆرێك لەبوارەکانی رۆشنبیری‌و کلتوری‌و فیکری‌و کۆمەڵایەتییەوە. کە دواتر وردە وردە ئەو کاریگەرییانە لەبواری جیاوازەوە دەردەکەوت.

**ئەنجام**

لەسەرو بەندی توێژینەوەکەدا گەیشتووین بەچەند دەرەئنجامێك کە لەروانگەی بەش‌و باسەکانی وێژینەوەکەوە دیاریمان کردووە:

*لەبەشی یەکەمدا: کە تایبەت بووە بەمانای شعوبیەت گەیشتووین بەو ئەنجامەی کەوا مانای زاراوەی شعوبیەت بریتییە لەبیرۆکەیەکی سیاسی‌و رۆشنبیری کە لەنێوان نەتەوەکانی غەیری عەرەبدا سەریهەڵداوە، هاوکات جۆرێکیش بووە لەدیموکراسیەتی نەتەوەکانی غەیری عەرەب کە دژایەتی ئەرستۆکراتیەتی عەرەبی کردووە، نەك ئەو تێڕوانینە زمانەوانییەی عەرەبەکان بۆ زاراوەی شعوبیەتیان روانیوە.

سەبارەت بەمێژووی سەرهەڵدانی زاراوەی شعوبیەت، ئەوا گەیشتوین بەوەی کە لەسەردەمی ئومەوییەکاندا (بەتایبەتی لەنیوەی دووەمی سەدەی یەکەمی کۆچی) سەریهەڵداوە بەناوی خەڵکی یەکسانیخوازەوە (اهل التسوية) نەك ئەو بۆچوونەی کە هەندێ لەعەرەبەکان بۆ سەردەمی پێغەمبەر "د.خ" یاخود بۆ روداوی شەهیدکردنی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتتاب)ی دەگێڕنەوە.

---

[65]عبدالعزيز الدوري: الجذور التأريخية للشعوبية، لا90-91.

[66]لةعبدالحسين زرين كوب: دوقرن سكوت، لا299 وەرگیراوە.

دەربارەی پێناسەی شعوبیەت ئەنجامەکەی بەوە گەیشتووە کە گوزارشتی لەخەباتو بزوتنەوەی ڕۆشنبیری‌و شارستانی نەتەوەکانی غەیری عەرەب کردووەو ئامارژەیەك بووە بۆ لایەنی فیکری‌و کۆمەڵایەتی کە لەژێر کەوتووەکان دژ بەباڵا دەستی عەرەبی، سەرەتاش بزوتنەوەیەکی ناڕێکوپێك‌و شاراوەبوون‌و لەژێر دروشمەکانی ئیسلامدا داوای یەکسانی‌و دادپەروری ئیسلامییان کردووە، دەتوانین بڵێین بزوتنەوەیەك بووە کە گوزارشتی لەهۆشیاری موسڵمانە نا عەرەبەکان کردووە.

لەشوێنێکی دیکەدا سەبارەت بەسیاسەتی دەسەڵاتی ئیسلامییەکان برەو نەتەوەکانی غەیری عەرەب ئەوەمان ساغ کردۆتەوە کەسیاسەتی پێغەمبەر "د.خ"و خەلیفەکانی راشدین باش بووە بەرامبەر نەتەوەکانی غەیری عەرەبە چونکە لەقورئانەوە سەرچاوەی گرتبوو، بەڵام سیاسەتی هەندێ خەلیفەی ئومەوی پێچەوانەی بنەماکانی ئیسلام بووە کە دەمارگیر بوون بۆ رەگەزی عەرەبی‌و خێڵایەتی‌و جیاوازییان لەنێوان عەرەب‌و ناعەرەبدا کردووە لێرەوە کێشەی نەتەوەکانی غەیری عەرەب سەریهەڵداو داوای یەکسانییان لێدەکردن، لەئەرك‌و مافەکاندا.

*لەبەرشی دووەمدا کە تەرخانکرابوو بۆ سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت کە گەیشتوین بەچەند ئەنجامێك لەوانەش دەربارەی بارودۆخ لەسەردەمی دەرکەوتنی بزاڤی شعوبیەتدا ئەو ئەنجامە بووە کە پێغەمبەر "د.خ" دەسەڵاتی دوای سەردەمی هەندێ بەپادشایەتی‌و زۆرداری شرۆڤەکردووە، بەتایبەت لەسەردەمی هەندێ خەلیفەی ئومەوییداو بارودۆخێکی ناجێگیربووەو ململانێی هۆزایەتی تەشەنەی کردووەو کاریگەری هەبووە لەسەر دەسەلات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئومەوییەکان هیچ ریفۆرمێکی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوریان ئەنجام نەداوە کاربەدەستەکانیان لەنێوچەکانی خۆراسان‌و ئازارەبایجان‌و ئێران‌و قەفقاسدا باج‌و سەرانەیەکی زۆریان سەندووەو لەم نێوەندەشدا جوتیارو لادێ نشینەکان زیانیان پێ گەیشتووەو ناڕەزایی خەڵك دروستبووە.

دەربارەی هۆکارەکانی سەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت، ئەنجامەکەی بریتیبووە لەوەی کە ئومەوییەکان لەروی سیاسییەوە پشتیان بەعەرەب بەستووەو موسڵمانە ناعەرەبەکانیان لەو مافە بێ بەشکردووەو بەچاوی بێگانە سەیریان کردوون، لەروی کۆمەڵایەتیشەوە، عەرەبەکان رەچەڵەکی نەتەوەکانی غەیری عەرەبیان تێکشکاندووەو بەچاوێکی نزمەوە سەیریان کردوون، وتویانە توێژ ناپچڕێت تەنها بەسێ شت نەبێت کە یەکێك لەوانە موسڵمانی ناعەرەب بووە،و لەریزی سەگ‌و گوێدرێژدا دایان ناون، هەروەها کچی نەتەوەکانی غەیری عەرەبیان بەبێ پرس‌و رای باوك‌و برا مارەکردووەو بەمنداڵی کچەکەشیان وتووە دوو رەگ (الهجين) ئەمەش سوك سەیر کردنێك، لەنان خواردنیشدا لەپەراوێزی خوانەوە دایان ناون بۆ ئەوەی بزانرێ کە ئەوانە موسڵمانی ناعەرەبن.

لەروی ئابورییەوە عەرەبەکان کاروباری دارایی وڵاتە واڵا کراوەکانیان پشتگوێخشتووە، سەرەڕای ئەوە کە چەندین باج‌و سەرانەیان سەندووە لەخەڵکەکەی، تەنانەت هەندێ جاریش لەموسڵمانەکانیان، وە لەوەرگرتنی باجدا رێگەی توندوتیژیان نواندووە، وەك کردەوەکانی حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، هاوکات چەندین

باجی کۆنیان وەك باجەکانی نەورۆزو میهرەجان گێڕاوەتەوە، هەموو ئەم مامەڵانە پێچەوانەی بنەماکانی ئاینی ئیسلام بوونو هۆکاری سەرەکی بوون لەسەرهەڵدانی بزوتنەوەی شعوبیەت.

هەر سەبارەت بەئەنجامەکانی بەشی دووەم ئەوەشمان ساغ کردۆتەوە کە هەندێ هۆکار بوون بەمایەی روخانی دەوڵەتی ئومەوی وەك (پشتگوێخستنی پرنسیپی راوێژ (الشورى)و زیندوکردنەوە گیانی دەمارگیری خێڵایەتیو گرتنە دەستی بەهێز)، هاوکات فاکتەری یارمەتیدەر بوون بۆ زیاتر گەشەکردنی بزوتنەوەی شعوبیەت، چونکە ناکۆکی هۆزایەتیو خێڵایەتییەکان نێوچەکانی خۆراسانو فارس نشینەکانیشی گرتبوویەوە، بەتایبەت بووە بەکاریگەرییەکانی بزاڤی شعوبیەت بەوە گەیشتووە کە کاریگەری لەسەر فیکری ئیسلامی هەبووە لەهاتنە ئارای راڤەی جیاواز بدەقەکانی قورئانو دەرکەوتنی گروپە ئیسلامییەکان وەك موعتەزیلەو تەسەوفو قەدەرییە...، بەهۆی کاریگەری ئاینە کۆنەکانی فارس بووە وەك زەردەشتیو مانەویو مەزدەکی، چونکە لەهەندێ خاڵدا لەیەك نزیکن، بەهاتنە ئارای (دەوڵەتی عەبباسی)یش کاریگەرییەکە زیاتر بووە، چونکە لەم سەردەمەدا کەوتنە زیندوو کردنەوەی کلتورو رۆشنبیریو شارستانێتی خۆیان.

هەروەها کاریگەریشی لەسەر دەوڵەتی عەبباسی هەبووە، چونکە فارسەکان لەپایە سیاسییەکەدا بەشداربوونو چەند وەزیرێکیان هەبووە، وەك(خالیدی کوڕی بەرمەکیو فەزڵی کوڕی سەهل) لەسستمی حوکمڕانیدا لاسایی فارسەکانیان کردۆتەوە، ئەم کارگەرییەش لەوەدا بووە کە دایکی هەندێ خەلیفەی عەبباسی لەنەتەوەکانی غەیری عەرەب بووە وەك دایکی (مەئمون)، فارسەکان شارەزایی زۆریان هەبووە لەزانستەکانداو کاریگەرییان لەسەر بزوتنەوەی زانستیو فیکریو ئەدەبی عەبباسی هەبووەو چەند کەسایەتییەکیان هەبووە وەك (ابن مقفع، فارابی، سیبویه...تاد).

هەروەها بزوتنەوەی شعوبیەت کاریگەری لەسەر نەتەوەکانی غەیری عەرەب هەبووە لەهۆشیارکردنەوەیان لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو شارستانیەوە، چونکە خەباتی بوزتنەوەکە بەپێنوس بووە نەك بەشمشێرو نەتەوەکانی غەیری عەرەب لەمە بەدوای بەچاوێکی بەرز راگرتنو شانازییەوە سەیری کلتورو رەچەلەكو زمانی خۆیان کردووە، ئەم ئەنجامەش بەخراپی بەسەر دەوڵەتی عەبباسیدا شکایەوە لەدواییدا، چونکە بوو بەهۆی وروژاندنی نارەزاییو راپەرینی کۆمەڵایەتیو فیکری دژ بەعەبباسییەکان.

## لیستی سەرچاوەکان


سەرچاوە رەسەنەکان

1–قورئانی پیرۆز.

إبن الأثير (630ك/1238ز): عز الدين علي بن عمر.
2-الكامل في التأريخ، دار الكتاب العربي، بيروت، 1967.

إبن تيمية (728ك/1327ز): شيخ الاسلام ابو العباس تقي الدين.
3-مجموع الفتاوى، تحقيق عبدالقادر عطا، چاپی یەکەم، دار الكتب العلمية، بيروت، 2000.

إبن خلدون (808ك/ 1405ز): عبدالرحمن بن محمد بن خلدون الخضرمي.
4–المقدمة، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی مصطفى أحمد، القاهرة، (بەبێ ساڵ).

إبن عبد ربه الاندلسي (328ك/ 939ز): ابو عمر بن محمد
5-العقد الفريد: تحقيق احمد أمين، چاپی نوێ، دار الكتب العلمية، بيروت، 2000.

إبن الاثير (774ك/1372ز): أبي النداء إسماعيل بن عمر الدمشقي.
6-تفسير القرآن العظيم، چاپی نوێ، دار الكتب العلمية، بيروت، 2000.
7-البداية والنهاية، چاپی یەکەم، دار الكتب العلمية، بيروت، 2001.

إبن منظور (711ك/ 1311ز): محمد بن عبدالكريم
8-لسان العرب، چاپی نوێ، دار المعارف، القاهرة. (بەبێ ساڵ).
إبن النديم (383ك/ 993ز) محمد بن اسحاق.

9–الفهرست، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی الاستقامة، القاهرة. (بەبێ ساڵ).

البغدادي (429ك/1037) : ابو منصور عبدالقادر بن طاهر
10-الفرق بين الفرق، (بەبێ چاپ)، دار المعرفة للطباعة والنشر، بيروت، 1037ز.

البلاذري (279ك/892ز): احمد بن يحي بن جابر.
11-فتوح البلدان، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی بیروت، 1978.

البيروني (440ك/1048ز): ابو الريحان محمد بن أحمد.
12-الآثار الباقية عن القرون الخالية، تحقيق إدوار ثاشا، (بەبێ چاپو چاپخانەی شوێن)، 1902.

الجاحظ (255ك/868ز): ابو عثمان بن عمرو بن محبوب الكناني.
13-البيان والتبين: تحقيق حسن السندوبي، چاپی پێنجەم، چاپخانەی المدني، القاهرة، 1985.

14-الحيوان، تحقيق عبدالسلام هارون، (بەبێ ساڵ) چاپخانەی مصطفى البابي الحلبي، القاهرة، 1947.

السيوطي (911ك/1505ز): جلال الدين عبدالرحمن بن أبي بكر.
15-تأريخ الخلفاء: تحقيق محمد محي الدين عبدالحميد، چاپی سێیەم، دار العلوم الحديثة، بيروت، چاپخانەی منير، بغداد، 1986.

الرازي (666ك): محمد بن أبي بكر عبدالقادر
16-مختار الصحاح، (بەبێ ساڵ) دار الكتاب العربي، بيروت، 1981.

الطبري (210ك/ 922ز): ابو جعفر محمد بن جرير
17-تأريخ الطبري، تحقيق محمد أبو الفضل إبراهيم، (بەبێ چاپ) بيروت، 1965.

الفيروز الآبادي (962ك/1554ز): مجدالدين ابو طاهر محمد بن يعقوب.
18–القاموس المحيط، (بەبێ چاپ)، دار المعرفة، بيروت، 1935.

المسعودي (346ك/ 957ز): أبو الحسن بن الحسين بن علي.
19-مروج الذهب، تحقيق محي الدين عبدالحميد، (بەبێ چاپ)، مكتبة السعادة، القاهرة، 1938.

سەرچاوە یاریدەدەرەکان (المراجع)
أحمد امين
1-ضحى الأسلام، چاپی حەوتەم، چاپخانەی لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة 1964 و1965.
2-فجر الاسلام، چاپی دەیەم، دار الكتاب العربى، بيروت، 1969.

ظهر الاسلام، چاپی سێیەم، چاپخانەی لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، 1962.

الألباني: محمد ناصر الدين
3-سلسلةالأحاديث الصحيحة، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی الأسلامي، عمان-اردن، 1997.

حنا الفاخوري:
4-الجامع في التأريخ الأدب العربي، چاپی یەکەم، چاپخانەی شريعت، تهران، 1380ی هەتاوی.

أنور الرفاعي
5-الأسلام في حضارة ونظمة الأدارية والسياسية والأدبية، والعلمية والأجتماعية والأقتصادية والفنية، چاپی سێیەم، چاپخانەی دار الفكر، (بەبێ شوێن)، 1986.

بندلي جوزي
6-من تأريخ الحركات الفكرية في الاسلام، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی بيت الكمقدس، القدس، 928.

حسن ابراهيم حسن
7–تأريخ الاسلام السياسي والجيني والثقافي والأجتماعي، چاپی حةوتةم مكتبة النهضة المصرية، القاهرة، 1987.

حسين عطوان
8–الزندقة والشعوبية في العصر العباسي الأول، (بەبێ چاپ)، دار الجبل، عمان-أردن، (بەبێ ساڵ).

حسين قاسم العزيز
9–البابكية او إنتفاضة الشعب الأذربيجاني ضد الخلافة العباسية، (بەبێ چاپ) مكتبة دار النهضة، بغداد –دار الفارابي، بيروت، 1966، (نامەی دکتۆرا)، زانکۆی مۆسکۆ.

سامي زبيدة
10الأسلام، الدولة والمجتمع، وەرگێڕانی عبدالاله النعيمي، چاپی یەکەم دار المدى للثقافة والنشر، (بەبێ شوێن)، 1995.

شكري فيصل
11-المجتمعات الاسلامية في القرن الأول، نشأتها، مقوماتها، تطورها اللغوي الأدبي چاپی چوارەم، دار العلم للملايين، (بەبێ شوێن)، 1978.

صلاح عبدالفتاح الخالدي
12-الخلفاء الراشدون بين الستخلاف والاستشهاد، چاپی یەکەم دار القلم، دمشق، دار الشامية، بيروت، 1995.

عبدالله سلوم السامرائي
13-الشعوبية حركة مضادة للأسلام والأمة العربية، (بەبێ چاپ)، دار الحرية للطباعة، بغداد، 1981.

عبدالعزيز الدوري
14-الجذور التأريخية للشعوبية، چاپی دووەم، دار الطليعة للطباعة والنشر، بيروت، 1980.
15-العصر العباسي الأول، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی الأهلية، بغداد، 1945.

عثمان بن محمد آل خميس التميمي
16-حقبةمن التأريخ، چاپی یەکەم، مركز الثقافة الأسلامية، الكويت، 1998.

علي ابراهيم حسن
17-تأريخ الأسلام العام، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی السنة المحمدية، القاهرة، 1972.

فاروق عمر فوزي
18-المباحث في الحركة الشعوبية، مفهومها، ابعادها، اهدافها، (بەبێ چاپ)، المكتبة الثقافة لنقابة المعلمين، العدد الثالث، السنة السادسة، (بەبێ شوێن)، 1986.

فاروق عمر وآخرون
19–النظم الأسلامية، دراسة التأريخية، (بەبێ چاپ)، چاپخانەی زانکۆی بغداد، 1987.

قحطان عبدالرحمن الدوري
20–الحركات الهدافة في الآسلام، الراوندية والبابكية، (بەبێ چاپ)، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1989.
21–صفوة الاحكام من نيل الأوطار وسبل السلام، (نوسخەی کۆپی کراو)، (بەبێ چاپو چاپخانەو شوێنو ساڵ).

الشيخ محمد الخضري بگ:
22–محاضرات تأريخ الأمم الاسلامية، ط7، چاپخانەی الاستقامة، القاهرة، 1379ك.
23-الدولة العباسية، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت، 1998.

محمد اركون

24-تأريخية الفكر العربي الأسلامي، وەرگێڕانی هاشم صالح، چاپی دووەم، مركز الانماء القومي، بيروت، 1996.

محمد بديع شريف
25-الصراع بين الموالي والعرب، (بەبێ چاپ) دار الكتاب العربي، القاهرة، 1954.

محمد سعيد طالب
26-الدولةالعربية الأسلامية، الدولة والدين، چاپی یەکەم، الأهالي للطباعة والنشر، دمشق، 1997.

محمد عويس
27-المجتمع العباسي من خلال كتابات الجاحظ، (بەبێ چاپ)، دار الثقافة للطباعة والنشر، القاهرة، 1977.

محمد الغزالي
28–الاسلام والأستبداد السياسي، (بەبێ چاپ)، دار الكتب العربي، (بەبێ شوێنو بەبێ ساڵ).

محمد كرد علي
29–الأسلام والحضارة العربية، چاپی سێیەم، چاپخانەی لجنة التأليف والترجمة والنشر، القاهرة، 1968.

محمود اسماعيل
30–تأريخ الحضارة العربية الأسلامية، چاپی دووەم، مكتبة الفلاح للنشار والتوزيع الكويت، 1990.

ناصر عبدالكريم العقل
31-القدرية والمرجئية، نشأتها، اصولها، وموقف السلف منهما، (بەبێ چاپ)، دار الوطن، رياض، 1417ك.

نوري جعفر
32-الصراع بين الأمويين ومبادئ الأسلام، چاپی دووەم، دار العلم للطباعة، القاهرة، 1978.

هادي العلوي

33–فصول من تأريخ الأسلام السياسي، چاپی دووەم، مركز الأبحاث والدراسات الأشتراكية في العالم العربي، قبرص، 1999.

يوليوس فلهاوزن

24–الدولة العربية وسقوطها، ترجمة يوسف العش، (بەبێ چاپ) چاپخانەی زانکۆی سوريا، دمشق، 1956.

ئەنسكلۆپیدیاو مەوسوعە

1–دائرة للمعارف الأسلامية، کۆمەڵێك لەرۆژهەڵاتناسان، وەرگێڕانی احمد الشنقاوي-ابراهيم زكي خورشيد– عبدالحميد يونس، (بەبێ چاپ) دار الفكر (بەبێ شوێنو ساڵ) انتشارات جهان، تهران، بوذر جمهوري، (بەبێ ساڵ)

2-عبدالوهاب الكيالي

موسوعة السياسية، چاپی چوارەم، مركز الطباعة الحديثة، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، 1999.

سەرچاوە کوردییەکان

جەمال نەبەز

1–بەبیری نەتەوەیی کورد نەبیری قەومیەتی رۆژهەڵاتەو نەبیری ناسیۆنالیزمی خۆرئاوایە، (بەبێ چاپ بنکەی چاپەمەنی ئازاد، ستۆکهۆڵم، 1984.

عباس عبدالكريم

2–کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا، چاپی یەکەم، (بەبێ چاپخانە)، ستۆکهۆڵم، 1997.

سەرچاوە فارسییەکان

عبدالحسين زرين كوب

1–دوقرن سكوت، چاپی سيزدهم، چاپخانەی مهارت، تهران، 1379–2000.

گۆڤارەکان:

1–دراسات للأجيال، ژمارە (4) ساڵی پێنجەم، کانونی یەکەم، 1984.

حسن فاضل زعين، (مؤامرة الفكر الشعوبي على الأمة الأسلامية في العصر العاباسي)، لا299.